گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة ڕابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(5).Paper12

ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 02/05/2023
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 08/05/2023
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/10/2024

# كارەكتەری خاوەن كێشە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا

**بارزان علی پیرۆت[1] - هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور[2]**

hazhar.abdulghafur@soran.edu.iq barzan.pirot@uor.edu.krd

[1]بەشی زمانی كوردی، كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێڕاق.

[2]بەشی زمانی كوردی، فاكەڵتیی ئاداب، زانكۆی سۆران، سۆران، هەرێمی كوردستان، عێڕاق

## پوختە:

كارەكتەری خاوەن كێشە، یەكێكە لە بنەماكانی كۆمەڵناسیی ڕۆمان لای لوسیان گۆڵدمان، كارەكتەرێكە لەگەڵ دونیای بەجیهانیبو و سەرمایەداری و كاپیتاڵیستیدا كۆک نییە و بەدوای نرخ و بەها باڵاكانەوەیە، لە پێناو بەدیهێنان و دۆزینەوەیاندا تا ئەوپەڕی تێدەكۆشێت، بەڵام لەئەنجامدا لەم پێناوەدا لەناودەچێت و دەفەوتێت یان دەكوژرێت. لەم توێژینەوەیەدا كە لە ژێر ناونیشانی (كارەكتەری خاوەن كێشە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا)یە، دەمانەوێت لەسەر بنەمای "كارەكتەری خاوەن كێشە"ی گۆڵدمان، هەم ڕەنگدانەوەی ئەو جۆرە كارەكتەرە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا بخەینەڕو، هەم دەروازەیەكی تریش بەڕوی پەیوەندی نێوان ئەدەب و كۆمەڵدا بكەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا زۆر بە خێرایی و بە گشتی پرسی پەیوەندیی نێوان ئەدەب و كۆمەڵگەمان خستوەتەڕو، دواتر بنەمای (كارەكتەری خاوەن كێشە)مان لە ڕوانگەی گۆڵدمانەوە ڕونكردوەتەوە و بەمشێوەیە چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەكەمان ڕێكخستوە. دواتریش هەوڵدراوە وردەكارییەكانی دەركەوتنی ئەو كارەكتەرە لە ڕۆمانەكەدا، دەستنیشان بكرێ.

گریمانەی توێژینەوەكەمان لەسەر ئەوە داناوە، كە كارەكتەری خاوەن كێشە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەدا زۆر بە ئاشكرا بونی هەیە و ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەلومەرجی نوێی كۆمەڵگەی كوردییە. بۆ گەیشتن بە ڕاستی ئەم گریمانەیەش، بە میتۆدی كۆمەڵناسیی ڕۆمان، هەوڵمانداوە بنەمای كارەكتەری خاوەن كێشە لەسەر ڕۆمانەكە جێبەجێبكەین. لە كۆتاییدا گەیشتوینەتە كۆمەڵێک ئەنجام، كە دەتوانین ئاماژە بەوە بكەین، كەسێتی خاوەن كێشە لە

ڕۆمانەکەدا بونی هەیە و هۆکاری ئەو تایبەتمەندییەش نامۆیی و نائاسودەبونی کارەکتەرەکانە لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی ژیان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییە باوەکان.

**کلیلە وشەکان:** کارەکتەری خاوەن کێشە، ڕۆمان، کۆمەڵناسیی ڕۆمان، ئێوارەی پەروانە، گۆڵدمان.

## پێشەکی

کارەکتەر یەکێکە لە ڕەگەزە دیارەکانی ڕۆمان، کە ڕۆڵی لە شێوەی پیشاندانی کۆی ڕۆمانەکە هەیە بە هەمو لایەنەکانییەوە. یەکێک لە لایەنە کەم ئاوڕلێدراوەکانی کارەکتەر بریتییە لە سەرنجدان لە کارەکتەری خاوەن کێشە (problematique)، ئەم جۆرەی کارەکتەر، لەلای (جۆرج لۆکاچ و لوسیان گۆڵدمان) مژارێک بوە بۆ ناسین و لاکردنەوە لە کارەکتەر و لەویێشەوە وەکو چەمکێکی سەرەکی کۆمەڵناسیی ڕۆمان چاوی لێکراوە. ئەم جۆرەی کارەکتەر لەوە داماڵدراوە باوەڕی بە دونیای جیهانگیری و سەرمایەداری و کاپیتاڵیستی هەبێت. کارەکتەرێکە تێڕوانینەکانی بریتین لە بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی ئەو بەها باڵایانەی کە لە دونیای سەرمایەداریی و کاپیتاڵیستیدا مەحاڵن. کارەکتەری خاوەن کێشە تا ئەوپەڕی توانا بۆ ئەم بەها باڵایانە تێدەکۆشێت و چەندین دۆخ و گرفتی دێنەبەردەم و بە جۆرێک بەگژیاندا دەچێتەوە، کە دواجار خۆی لەسەر ئەم بەها باڵایانە دادەنێت و سەرئەنجام بە مردن و فەوتانی خۆی کۆتایی دێت. ڕۆمانی کوردیش وەنەبێت بێبەری بێت لەم تەرزە کارەکتەرانە. بگرە ئەو ئاڵەنگارییەی بە ڕۆمانی کوردییەوە دیارە، ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنێت ئەم جۆرە کارەکتەرە خاوەن کێشەیە بئافرێنێت. لەسەر بنەمای کەمی کارکردن لەمبارەوە لە دنیای ئەکادیمی کوردیدا و هەروەها هەوڵدان بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانێکی کوردی بەرهەمهاتوی قۆناغێکی هەستیاری ناو کۆمەڵگەی کوردی، ئەم توێژینەوەیەمان بە ناونیشانی (کارەکتەری خاوەن کێشە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا) دەستنیشانکردوە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین، تا لەم ڕێگەیەوە دەستنیشان بکەین، گرنگترین هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کەسێتییە چین.

## پرسیار و گریمانەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا، گریمانەی سەرەکیمان لەسەر ئەو ڕوانگەیە داناوە، کە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانە هەڵگری ئەو جۆرە لە کارەکتەرە خاوەن کێشەیە. هەربۆیە بە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، هەوڵمانداوە گریمانەکەمان پشتڕاستبکەینەوە. گرینگترین پرسیارەکانیش بریتین لەمانە:

- ڕەهەند و تایبەتمەندییەکانی دەرکەوتنی ئەو کارەکتەرە خاوەن کێشەیە چین؟
- بنەما کۆمەڵایەتییەکانی ئەو دڕندۆگی و کێشەسازییە چین، کە لە کارەکتەرەکەدا دەردەکەون.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهێنراوە. لە ڕوی تیۆرییەوە پشت بە بنەماکانی کۆمەڵناسیی ڕۆمانی لوسیان گۆڵدمان بەستراوە و لەنێو بنەماکانیشدا تەنیا بنەمای (کارەکتەری خاوەن کێشە)مان وەرگرتوە.

**ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:** جگە لە پوختە و پێشەکی، توێژینەوەکە بریتییە لە دو بەش. بەشی یەکەم: بریتییە لە ناساندنێکی وەسفی کۆمەڵناسیی ڕۆمان و بنەمای کارەکتەری خاوەن کێشە لە دیدی گۆڵدمانەوە. لە بەشی دوەمیشدا: کارەکتەری خاوەن کێشە و ئەو دید و تێڕوانینانەی بە وردییەوە لە بنەمای کارەکتەری خاوەن کێشەی گۆڵدمانەوە دۆزراونەتەوە، لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا پراکتیککراوە و سروشتی ئەم جۆرەی کارەکتەر بە پیشاندانی نمونەی ڕۆمانەکە ڕونکراوەتەوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی و لیستی سەرچاوە بەکارهاتوەکان خراونەتەڕو.

## 1. بەشی یەکەم

### 1. 1. پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە؛ دەروازەیەک بەرەو کۆمەڵناسیی ئەدەب:

پرسی پەیوەندی و گرێدراوی ئەدەبیات و هونەر لەگەڵ کۆمەڵگە، پرسێکی مێژوییە، کە لە یەک کاتدا هەم سادە و هەم ئاڵۆزیشە. پرسێکی مێژوییە، چونکە بە درێژایی مێژوی ئەدەب و هونەر، دەتوانین هەست بەم پەیوەندییە بکەین و لە ڕاستیدا جێگەی مشتومڕ بوە. سادەیە، چونکە بە ئاوڕدانەوەیەکی خێرا لە هەر بەرهەمێکی ئەدەبی، لە سەرەتای مێژوی داهێنانی بەرهەمی ئەدەبییەوە بگرە تا هەنوکە، دەتوانی ئەو نزیکایەتییە ببینین و هەستی پێبکەین. ئاڵۆزیشە، بەو مانایەی کە پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و جۆری کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان لە ئەدەبیاتدا، تەنیا بەو شێوە سادە و ساکارە نییە و لە ڕاستیدا پەیوەندییەکە زۆر زیاتر لەو تێگەیشتنە سادە و سەرپێییە قسە هەڵدەگرێ. لەو کاتەی کۆمەڵناسیی ئەدەبیات وەکو بابەتێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا هاتوەتە ئارا، پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵگە، ڕەهەندی جۆراوجۆر و جیاوازی بە خۆوە گرتوە بە شێوەیەکی داینەمیک و جوڵاو خۆی نواندوە. ئەم داینەمیکییەتە بە ڕادەیەک خۆی بەرجەستە کردوە، کە تاڕادەیەکی زۆر بوەتە مەودایەکی زاڵ و بەرچاو لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیاتدا.

هەرچی مەودای کاری زانستی کۆمەڵناسیی ئەدەب، ئەدەب وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینێت. بە جۆرێک کە ئەدەب ((دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و لە هەمان کاتیشدا بابەتێکی مێژوییە و ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆن و دێرینی هەیە)) (میسری، 2021: 117). هەبونی پەیوەندی ئەدەب بە کۆمەڵگە وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی پرسێکی حەتمییە، چونکە ئەدیب و هونەرمەند کوڕی ڕۆژگار و مێژوی سەردەمی خۆیانن و هەر چۆنێک بیربکەنەوە و بنوسن ناتوانن لەو هەلومەرجە مێژویی و کۆمەڵایەتییەی سەردەمی خۆیان دابڕاوبن. بە جۆرێک مەبەست و

ناوەڕۆكی ئەدەب بە هەمو ژانرەكانی سەردەمە جۆربەجۆرەكانییەوە زۆر بە توندی وابەستە و ڕەنگدەرەوەی سەردەم و سروشتی ژیانی كۆمەڵگەیە. گۆڕان لە نێو كۆمەڵگە دواجار گۆڕانی ئەدەبیشی بەدوادادێت، چونكە ئەدەب سەرەداو و ڕەگەكانی بە كۆمەڵگە و سەردەمەكەیەوە گرێدراوە. ڕونە كۆمەڵگە لە پێش نوسینی دەقی ئەدەبی بونی هەیە. ئەدیب لە نێو جەرگەی ڕوداوەكانی نێو كۆمەڵگە و سەردەمەكەیەوە بواری بیرۆكە و ڕوداوەكانی دەقەكەی بۆ دەڕەخسێت. هەر ئەمەشە وایكردوە دەقی ئەدەبی بونێكی دابڕاو نەبێت لەو سەردەم و كۆمەڵگەیەی كە نوسەرەكەی تێیدا دەژی. بەو مانایەی دەقی ئەدەبی چەندە ڕەنگدەرەوەی خو و بابەتە خودییەكەی ئەدیب بێت و بە شێوازێكی تایبەت بە ئەدیبەكە نوسرابێت و لە بۆتەی هەر ژانرێكی ئەدەبیدا بێت، هێشتا ناتوانێت بە تەواوی دابڕاو و دور لە پەیوەندییە كارلێكییەكانی سەردەم و كۆمەڵگەی ئەدیبەكە بێت[1].

ئەم پەیوەندییەی نێوان ئەدەب و كۆمەڵگە، ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان نوسەر و كۆمەڵگەیە. بە جۆرێك هەر ئەدیبێك بە درێژایی ژیانی بە بابەتی واقیعییەتی كۆمەڵایەتی، ئابوری و سیاسی و ... هتد، ئاشنایی دروست دەكات و لەژێر كاریگەری ئەم واقیعەدا تێڕوانینە جۆربەجۆرەكانی خۆی شكڵ و شێوەیەك بەرانبەر بە دیاردەكان دەگرن، چونكە فكر و تێڕوانینەكانی ئەدیب و پەیوەندی بە كۆمەڵگەكەیەوە پەروەردە بوە و ڕاهاتوە، دواجار هەمو ئەمانە كاریگەری لەسەر دونیابینیی ئەدیبەكە دادەنێت و بە سانایی ئەم پەیوەندییە درێژەی ئەدیب بە كۆمەڵگەكەیەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەكانیدا هەستپێدەكرێن و دەدۆزرێنەوە (برهمند، 1395: 21). هەبونی پەیوەندی لە نێوان ئەدەب و كۆمەڵگە لە بنەڕەتدا بریتییە لە هەبونی پەیوەندیی ئەدیب بە ژینگە و دەوروبەری خۆیەوە. بە جۆرێك نوسەر لە نێو چوارچێوەیەكی كۆمەڵایەتی، ئاینی، سیاسی، ئابوری كلتوریدا دەژی و هەمو ئەمانەش هۆكاری سەرەكین بۆ كاریگەریدانان لەسەر ئاراستە فكرییەكانی هەر دەقێكی ئەدەبی ئەدیبەكە. بە واتایەكی دیكە مامەڵەكردنی ئەدیب و بەو شتانەی لە دەوروبەریدان كاریگەری لەسەر دونیابینی ئەدیب دادەنێن و ئەم كاریگەرییەش لە كاتی نوسینی دەقی ئەدەبیدا بە ڕونی لە دەقە ئەدەبییەكاندا دەردەكەون، هەر بۆیە ڕوانین بۆ دەقی ئەدەبی بەپێی كۆمەڵناسیی ئەدەبی پێویستی بەوە هەیە لە پەیوەندی تێكچڕژاوی ژیانی كۆمەڵایەتیی نوسەر لەسەر بنەمای ژێرخان و ئەو لایەنە كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی و ئایدۆلۆژییانەی كە كاریگەرییان لەسەر ئەدیبەكە هەبوە لێی بكۆڵدرێتەوە و لەبەرچاو بگیرێن. بۆیە دەتوانین بڵێین ((كاری ئەدەبی وەك ئاوێنەیەكە، نیشاندەری كەسێتی نوسەر، بیركردنەوە و تێڕامانەكانی و لایەنە ئاشكرا و شاراوەكانی ئەو كۆمەڵگەیەیە، كە نوسەر تێیدا دەژیت. هەمو ئەمانە بە ڕونی لەسەر دەقی ئەدەبی دەدرەوشێنەوە و هەر لەم ڕێگەیەشەوە خوێنەر دەتوانێت تێگەیشتنی لەسەر دونیای دەرونی نوسەرەكە هەبێت)) (اصفهانی و شمعی، 1388: 152). ئەمەش دەرخەر و جەختكردنەوەیە لەسەر دوبارە بەرهەمهاتنەوەی ئەو ژینگە و كاریگەرییانەی لە دونیای نوسەردا هەن. بە جۆرێك ژینگە و دەوروبەر كار لەسەر نوسەر دەكەن و نوسەریش دەكەوێتە ژێر كاریگەری ئەو ژینگەیەی لە كۆمەڵدا هەیە و دوبارە كاریگەری لەسەر

چۆنییەتی بیرکردنەوە و خو و دونیابینی نوسەر دادەنێت و پاشان هەمو ئەو کاریگەرییە دەرەکییانە جارێکی دیکە و لە بۆتەی دەقدا بەرهەمدێنەوە. ئەمەش لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییە بەتینەی لە نێوان نوسەر وەک دەقنوس و کۆمەڵگەدا کە هەیە. هەر بۆیە ئەستەم و ئاستەنگدارە ئەدیب بتوانێت کوڕی ڕۆژگاری خۆی نەبێت. بە مانایەکی دیکە ئەدیب لە نێو ژینگە و کۆمەڵگەدا دەژی و دواجار ئەم ژینگە و کۆمەڵگەیە بەئاگایی یان نائاگایی بێت کاریگەری لەسەر ئەدیب دادەنێت و دوبارە ئەدیب لە نوسینی دەقدا دەقێکی کارتێکراو بەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، بەرهەم دەهێنێتەوە و بە سانایی دەتوانین سروشتی ئەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژیت بیدۆزینەوە. بابەتێک کە پێویستە بیخەینەڕو سەبارەت بە هەبونی پیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە ئەوەیە لەم پرسەدا کەمکردنەوەی پێگەی ئەدەب نییە، چونکە ئەدەب خاوەنی تایبەتمەندییەکی باڵای زمانییە و ناوەڕۆکەکەی هەر بابەتێک بێت لە ئەدەبییەت و تایبەتمەندییە زمانییەکەی و ئیستەتیکییەکەی ناکەوێت و نامانەوێت مەودای ئەدەب لە بازنەی بەرتەسکی کۆمەڵگەدا کورت بکەینەوە و لە جوغزی کۆمەڵگەدا بیهێڵینەوە و لە شوناسە تایبەتمەندییە زمانی و ئیستەتیکییەکەی دایبماڵین و مەودای فرەخوێندنەوەیی کەم بکەینەوە. بە پێچەوانەشەوە بەستنەوەی دەق بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڕێک لە ڕاستی تێدایە، بەوەی لێکۆڵەری کۆمەڵناسیی ئەدەبی بڕێکی زۆر لە توانا و هەوڵی خۆی لە دۆزینەوە و هۆکارەکانی ئەم پەیوەندییەدا خەرجدەکات.

گومان لە هەبونی پەیوندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە ناکرێت و ((ئەدەب بە درێژایی بونی خۆی سەرەڕای بانگەشە جۆراوجۆرەکان، هەردەم سەرێکی بە ژیانی مرۆڤ و ڕاستییەکانی ناو ئەو ژیانەوە بەند بوە)) (عەبدولغەفور، 2013: 36) و هەمو دەقێکی ئەدەبی پەیوەست و گرێدراوە بە کۆمەڵگە و ئەوەی لە نێویدایە. بەو مانایەی هیچ دەقێکی ئەدەبی بەرچاو ناکەوێت سەر بە دونیایەکی دابڕاو لە واقیع و کۆمەڵگە بێت. بە جۆرێک لێکۆڵەرانی کۆمەڵناسیی ئەدەب، ئەدەب وەکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەبینن. دروستکردنی ئەم پەیوەندییە بەتینەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە لە هەر دەقێکدا پەیوەندییەکە لەخۆوە و ڕێکەوت نییە. بەڵکو پەیوەندییەکی داڕێژراوە. گرنگە ئەم پەیوندییەی ئەدەب بە سیستەمی کۆمەڵایەتی و ڕەنگڕێژکردنەکەی ڕون بکرێتەوە. لێرەدا بە کورتی ئاماژە بەو پەیوەندییەی نێوان ئەدەب لایەنەکانی دیکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگە دەکەین. لەوانەش:

## 1. 2. کۆمەڵناسیی ڕۆمان:

لە نێو ژانرە ئەدەبییەکاندا، ژانری ڕۆمان یەکێکە لەو ژانرە ئەدەبییانەی زۆرترین پەیوەندییە بەیەکداچوەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە تێدا دەبیندرێتەوە. وەک باوە و لە قوتابخانە ئەدەبییەکاندا دەڵێن ڕۆمان ژانری زاڵی سەردەمی ئەدەب ڕیالیستییە. ئەمەش بێگومان بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ڕۆمان لە هەمو ژانرە ئەدەبییەکانی دیکە، زیادتر توانای دەرخستنی پشودرێژانە و وردبینانەی کۆمەڵگەی هەیە. ئەمەش زۆرتر دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی ئەو ڕەگەزە جۆراوجۆرانە و گێڕانەوە زۆر و بەربڵاوانە و ململانێیانەی نێوان کارەکتەرەکانەوە، کە لە نێو ڕۆماندا

بەرجەستە دەبن و هەڵدەکەون، بەراورد بە تەواوی ژانرەکانی دیکەی ئەدەب. بە مانایەکی دیکە ڕۆمان لەو ژانرە ئەدەبییانەیە بوار و هەلکەوتەی ئەوەی تێدایە، پەیوەندییە بەیەکداچوە زۆرەکانی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و بە پێچەوانەوەی تێدا فەراهەم دەبێت. بەمەش ڕۆمان بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب زۆرتر توانای پیشاندانەوەی دیاردە بەیەکداچوەکانی نێو کۆمەڵگەیان هەیە. هەروەها ڕۆمان وردتر سیما و ژیانی کۆمەڵایەتی دەردەخات. هەر بۆیە کۆمەڵناسیی ئەدەبی لە پیشاندانی کۆمەڵناسییانەی دەقی ئەدەبیدا زیادتر ژانری ڕۆمان دەکاتە ژانری لێتوێژینەوەی کۆمەڵناسییانەی ئەدەب، چونکە ڕۆمان ((ژانرێکی ئەدەبی و دەزگایەکی کۆمەڵایەتی و توێژینەوەیەکی تیۆری و جێبەجێکردنە. ڕۆمان تاقیکردنەوەی هزری مرۆڤە و تاکێتی ڕۆماننوس دروستی دەکات، بەڵام بۆ خوێنەری نێو چینە کۆمەڵایەتییەکان دەینوسێت. تەنانەت هەر لەوکاتەی کە بیر لە نوسینی ڕۆمان دەکاتەوە کۆمەڵە خەڵکانێکی خوێنەری ڕۆمانەکەی لە مێشکیدا گرتوە. ئەمەش پێویستییەکە کە خودی ژانری ڕۆمان هەمیشە دەیخوازێت)) (حافظ، 1983: 77).

هەرچی کۆمەڵناسیی ڕۆمانە لقێکی سەرەکیی کۆمەڵناسیی ئەدەبە. ئەرکی پیشاندانی کارتێکردن و کاریگەری پەیوەندییەکانی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە و بە تایبەتی ڕۆمان و کۆمەڵگەیە و کۆمەڵناسیی ڕۆمانیش مژارێک بوە زۆرترین لێکۆڵینەوە و قسەی سەبارەت بە پەیوەندی ئەدەب بە کۆمەڵگەوە لەبارەوە کراوە. ئەمەش زۆرتر لەبەرئەوەیە، کە ڕێژەی دروستبونی پەیوەندی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگە زیادتر لە ژانری ڕۆماندا جێبەجێ بوە. ئەمەش زیادتر پەیوەستە بەوەی ((گوتاری ڕۆمان ڕەهەندە ئایدۆلۆژی و ئێستێتیکییەکەی بە بەراورد بە گوتاری شیعری بەندە بە فرەیی زمان، کەچی گوتاری شیعری بەندە بە تاکزمانی)) (حەمە مەنتک، 2021: 78). هەر ئەمەشە وایکردوە زەمینەی لەباری ژانری ڕۆمان بۆ پیشاندانی پرس و بابەتە هەنوکەییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەوە بخوازێت، کە ڕۆمان زیادتر ژانری گێڕانەوەی کێشمەکێشەکان و پیشاندانی واقیعی کۆمەڵایەتی بێت بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب بۆیە ((ئەو زەمینەیەی، کە ڕۆمان بۆ هەڵکەوتەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لە ناو دەقەکەیدا فەراهەمی دەکات، جیا لەوەی فراوانتر و مەزنترە، لە هەمانکاتیشدا ڕونتر و وردترە لە چاو ژانرەکانی دیکەوە، بۆیە کۆمەڵناسی وەکو زانستێک ئەوەندەی سود لە ڕۆمان وەردەگرێت و نمونە زیندوەکانی ژیان و کۆمەڵگەی لێ بەدەستدەهێنێت، بە بەراورد بە ژانرەکانی دیکە کە سود وەرگرتنەکەی سنوردار و بەرتەسک دەبێت، ئەمەش بۆ هۆکاری سروشتی پێکهاتەی تەکنیکی و هونەری خودی ژانرەکان دەگەڕێتەوە)) (عەبدوڵڵا ڕەحمان عەولا، 2019: 35).

ئێمە ئەوە دەزانین، ڕۆماننوس بە خواستی خۆی یان لە دەرەوەی خواستی خۆی بێت، بزانێ یان نەزانێ لە توخمە وەرگیراوەکانی نێو ژیانی خۆی و دەوروبەرییەوە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان دروستدەکات. کارەکتەرەکانیش چەند ڕوپۆشێکی میقاتکراو و ئاڕاستەکراون و لە پشتی ئەوانەوە گێڕانەوەکان درێژەیان پێدەدرێ و دەگێڕدرێنەوە (بوتور،

1982: 64)، کەواتە ڕۆماننوس لە پشتی کارەکتەرەکانەوە چەرخەی ڕوداو و گێڕانەوەکان بەڕێوە دەبات و تەواوی مەبەست و ئاڕاستەگۆڕینەکانی گێڕانەوەکان لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆماننوسدان، خودی ڕۆماننوسیش ململانێی چین و تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی کاری لێدەکات و بەریەککەوتنی چین و تاکەکانی نێو کۆمەڵگەکەی دەکاتە سەنتەری ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی، چونکە وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ڕۆماننوس تاکێکی پێکهێنەری کۆمەڵگە و ڕۆژگاری خۆیەتی و خاوەنی کاریگەری و کارتێکراوی ئەو کۆمەڵگەیە کە تێیدا دەژیت. ڕەخساندن و هێنانەبەرباسی لقە دیارەکەی کۆمەڵناسیی ئەدەب، کە بریتییە لە (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)، زۆرێک لە تیۆرداڕێژەرانی وەک (مارکس، لۆکاچ، گۆڵدمان، باختین، گرامشی و ئەدۆرنۆ، ... هتد) بە خۆیەوە خەریککردوە و (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)یان وەک لقێکی سەرەکیی کۆمەڵناسیی ئەدەبی خستوەتە سەر پێ.

بە سەرنجدان لەو بابەتانەی لە سەرەوە باسمان کردن، دەتوانین بڵێین کۆمەڵناسیی ڕۆمان لە کاتی تاوتوێکردنی پرۆسەی کۆمەڵناسییانەی ڕۆماندا بۆ چەند مەبەستێک کاردەکات و لەم ناوەدا ئەوەی دەیانەوێت لە ڕۆماندا بەیانی بکەن بریتین لە چەند ئەدگارێک، کە لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوختەی مەبەستی کۆمەڵناسییانەی ڕۆمان دەخەینەڕو:

- وردبونەوە لە بارودۆخە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆماننوس. بەو مەرامەی ئەدیب لە کوێی هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکاندایە.
- وردبونەوە لە دەقەکە و کارەکتەر و گرێ و ململانێی نێوان کارەکتەر و چینەکان.
- گەڕان و دۆزینەوە و ناسینی لایەنگیرییە کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژیای ڕۆماننوس.
- سەرنجدانی کۆمەڵگە و ململانێ باوە و زاڵەکانی نێو کۆمەڵگە و سەردەمەکەی.
- ناوەڕۆکی واتایی دەقی ڕۆمانەکە، چ ئاریشە و ململانێیەک دەخولقێنێت و ڕۆمانەکە دەیەوێت چی بەخوێنەر بڵێت.
- کەشفکردنی ڕوداوەکانی نێو ڕۆمانەکە و پاشان ڕۆماننوس لە پشتی ڕۆمانەکەوە ڕوداوەکان بەرەو کوێ ئاڕاستە دەکات و مەبەستی پشتی ئەو ئاڕاستەکردنانە چییە؟
- هۆکار و مەبەستی هەڵبژاردنی ئەم ململانێ (سیاسی، ئاینی، کۆمەڵایەتی، دەرەبەگایەتی، ... هتد)یەی ڕۆماننوس دەیەوێت لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بیخاتەڕو.
- گەڕان و دۆزینەوەی هۆکاری زاڵکردنی کارەکتەر و لایەنێک بەسەر بەرانبەرەکەیدا. بەو مانایەی دەیەوێت لە پشتی گێڕانەوەکاندا چی بە خوێنەری ڕۆمانەکە بڵێت. بەمەش لایەنگیریی ڕۆماننوس ئاشکرا دەبێت.

## 3.1. بۆچونی لوسیان گۆڵدمان بۆ کۆمەڵناسیی ڕۆمان:

گۆڵدمان لە دوای لۆکاچ ئاسۆی نوسین و لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانی ئەدەب بە گشتی و کۆمەڵناسیی ڕۆمانی لەلا دەرکەوت. نوسینەکانی لە بواری کۆمەڵناسیی ئەدەبی ئەگەرچی لەژێر کاریگەری کۆمەڵناسیی لۆکاچدا زنەیان کردوە، بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر جیاواز لە لۆکاچ و بگرە لە زۆر بۆچوندا پێچەوانە و هەندێجار دژی بۆچونە کۆمەڵناسییەکانی لۆکاچ بوەتەوە[2]. گۆڵدمان لە هەمو کۆمەڵناسانی دیکەی ئەدەب زیادتر لە کۆمەڵناسیی ئەدەبی وردبوەتەوە و تەواوی هەوڵەکانی خۆی بۆ ناسین و لێوردبونەوەی کۆمەڵناسیی ئەدەبی بە گشتی و کۆمەڵناسیی ڕۆمان بەتایبەتی تەرخانکردوە. گۆڵدمان باوەڕی وایە ئەگەرچی پرسی کۆمەڵناسیی ڕۆمان بیر و بۆچونی لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی بەلای خۆیدا کەمەندکێش کردوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە بەتەواوی پرس و بابەتە ورد و هەستیارەکانی بواری کۆمەڵناسیی ڕۆمان کونجکۆڵ بکرێن (اسکندری: 1394: 30). گۆڵدمان جگە لەوەی لە زۆر بۆچونی کۆمەڵناسیی ئەدەبی لە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵناسییەکانی ئەدەبیی لۆکاچدا ڕۆچوەتە بیرکردنەوە و نوسینی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی ئەدەب، لە ژێر کاریگەریی فیکریی مارکسیشدا درێژەی بە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەم پرسە داوە[3].

گۆڵدمان لە کتێبی (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)ەکەیدا دەڵێ: داهێنەری ئەدەبی بریتییە لە دروستکردنی جیهانێک کە پێکهاتەکەی هاوشێوەی پێکهاتەی سەرەکی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە بێت، کە بەرهەمی ئەدەبی تێیدا دروست دەبێت. ئەم دوبارەکردنەوەش هەمان ڕستەیە، کە لە کتێبی (خودای شاراوە)کەیدا نوسیویەتی. لە ڕاستیدا گۆڵدمان جۆرێک لە (بونیادگەریی پێکهاتەیی) بەو ئاماژانەی، کە بۆ پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و هاوتابونیان لەگەڵ پێکهاتەی دەقدا دەیکات، دادەمەزرێنێت (مختاری، 1398، 287). لە هەمان کتێب (کۆمەڵناسیی ڕۆمان)ەکەیدا دەڵێ: لێکچونی تایبەتمەندییەکانی هەندێک بەرهەم کە لە هەمان کاتدا نوسراون، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پێکهاتە جیهانبینییەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی پەیوەندییان لەگەڵ پێکهاتە فیکرییەکانیدا هەیە. کۆمەڵگایەک، کە لە یەک کاتدا ژیاوە و ئەزمونی هاوبەشی هەبوە، هاوشێوەیە، بەڵام نوسەر ئازادییەکی تەواوی لە دروستکردنی جیهانی خەیاڵی ئەم بەرهەمانە، کە زۆرجار جیاوازن لە یەکتر، هەیە. نوسەری گەورە ئەو کەسەیە سەرکەوتو دەبێت لە دروستکردنی بەرهەمێک لە هەندێک بواردا، کە پێکهاتەی جیهانی خەیاڵیی هاوشێوەیی یان نزیکی هاوشێوەی پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایە بێت، کە گروپێکی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی خۆیدا تێیدا جێگیر بوە. کۆمەڵناسیی ڕۆمانی گۆڵدمان بۆ گەڕانە بەدوای پەیوەندی نێوان ڕۆمان وەک بەرهەمێکی ئەدەبی و چینە کۆمەڵایەتییەکان لەو فەزایەی کە ئەم بەرهەمە ئەدەبییەیان پێکهێناوە، دروستبوە. بەپێی ئەو پێشگریمانەیەی نوسینەکانی گۆڵدمان بەڕێوەدەبات، تایبەتمەندییە مێژویی و کۆمەڵایەتییەکانی چەمکی بابەتیی ژیانی سۆزداری و تاکەکەسی مرۆڤەکان لە چەمکی بابەتیی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە. تا بەهای جوانیناسیی بەرهەمەکە بەرچاوتر و بەرفراوانتر بێت، زیادتر دەتوانرێت لەلایەن

خوێنەرەوە وەربگیرێت و زیادتر گوزارشت لە جیهانبینی دەکات. سەبارەت بە کۆمەڵناسیی ڕۆمانیش، لێکچونی نێوان واقیعی کۆمەڵایەتی و شێوەی ڕۆمانەکە بەرز دەکاتەوە. لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا پارە و پێگەی کۆمەڵایەتی دەبنە بەهای ڕەها، بەڵام خەڵکی کۆمەڵگاش دەبنە (کەسانی کێشەدار)، کە زۆربەی نوسەران و هونەرمەندان دەگرێتەوە. ئەم کەسە کێشەدارانە کۆمەڵێک بەهای دیکە بە نرخ دەزانن. ڕۆمانەکە لەسەر بنەمای پێداویستییە سۆزدارییەکانی کەسانی کێشەدار کە ڕێز لە بەها نامادییەکان دەگرن، پێکهاتوە. لە ئەنجامدا پرۆسەی ڕۆمانەکە وەک ژیاننامەی مرۆڤێک وایە، کە کێشەیەکی هەیە، بە جۆرێک وێنەی نوسەر دەردەخات و بەرەوپێش دەچێت و پەرەدەسێنێت تا دواجار ژیانی پاڵەوانەکەی لە ژینگەیەکدا لەناو دەچێت، کە ئابوری و مادییەت حوکمڕانی هەمو شتێک دەکات (کهنموئی پور، 1389: 70-71).

گۆڵدمان بۆ شیکردنەوەی دەرکەوتنی پێکهاتەی ئابوری لە نێو دەقی ئەدەبیدا و ڕۆمان بەتایبەتی، ئاماژە بە چوار هۆکاری سەرەکی دەدات (ئەدۆرنۆ و ئەوانیتر، 2009: 82-83)، کە بریتین لە:

یەکەم: سەرهەڵدانی چەمکی (نێوەندی)، کە وەکو فۆڕمی سەرەکیی بیری چینی بۆرژوازی ڕۆڵ دەبینن. پارە و پرستیژی کۆمەڵایەتی لەبری ئەوەی ڕۆڵی نێوەندی ببینن، وەکو بەشێک لە بایەخی ڕەها دەردەکەون.

دوەم: هەبونی کەسانی خاوەن کێشە (problematique)، کە هێشتا بە ئەندێشە و ڕەفتار بەهای چۆنی پەیڕەودەکەن و لە ژێر بەها چۆنایەتییەکانەوە و توانای بەیانکردنی ئەو کێشانەشیان نییە کە لە بەردەمیاندا قوتبونەتەوە. وێڕای ئەوەی کە ناوەندگیرییەکی سستیشیان هەیە، کاریگەریش لەسەر کۆی بونیادی کۆمەڵایەتی دادەنێن. لەناویاندا داهێنەرە فیکرییەکانی نێو کۆمەڵگە، کە ئەدیب و هونەرمەند و کەسانی دیکەی هاوتاییپیانن، و بیرکردنەوە و ڕەفتارەکانیان ئاستی داهێنانە ئەدەبی و هونەرییەکانیان دیاریدەکەن بێئەوەی بتوانن بە تەواوەتی لە کاریگەریی بازاڕ دەربازببن.

سێیەم: لەبەرئەوەی ناکرێت هیچ داهێنانێک گوزارشت لە تاکێتی بکات، بۆیە دەشێت ژانری ڕۆمان نەیتوانیبێت دروست بوبێت و پێشکەوتبێت، تەنیا لەوکاتەی کە ئاستی پێشکەوتنی ناڕەوایەتییەکی وروژێنراو نەبێت، کە نەیتوانیوە ببێتە چەمکێک. ئەمەش پەیوەستە بە بەهای چۆنێتییەوە، چ لە نێو کۆمەڵگە یان چینەکانی کۆمەڵگەدابێت، کە خودی ڕۆماننوسیش بەشێکی دانەبڕاوی کۆمەڵگە و چینە کۆمەڵایەتییەکانە.

چوارەم: لە کۆمەڵگەیەکدا، کە بازاڕ ڕکابەرایەتیی ئازاد دیاریدەکات، هەندێ بەهای جیهانگیری هەن بە بونی ڕکابەرایەتییەوە بەستراونەتەوە (ئازادی، یەکسانی، برایەتی). بەپێی ئەم بایەخانە، ژانری ڕۆمان وەک بیۆگرافیای تاکی، بیۆگرافی تاکێک، کە خودی ڕۆماننوس وەکو کارەکتەرێکی (خاوەن کێشە)یە و گەشە دەکات. هەر ئەوەشە

وایکردوە ژانری ڕۆمان لە درێژەی گۆڕانی خۆیدا تا دێت زیادتر کارەکتەری تاکی قارەمانی ڕۆمان کاڵدەکاتەوە و دەسڕێتەوە.

ڕۆماننوس لە پرۆسەی نوسینی ڕۆماندا دەیەوێت گوزارشت لە ژینگە و بارودۆخێکی هەنوکەیی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی بەستێنێکی مێژویی بکاتەوە ئەمەش پێویستی بە سودوەرگرتن لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی هەیە و پێویستی بەوەیە نەخشەی ئاڵەنگارییە بەیەکداچوەکانی نێو ڕۆمانی بەردەستی بە سودوەرگرتن لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی وەربگرێت. بەمەش ڕۆمانی بەرهەمهاتو دەبێتە ژانرێکی بەکاریگەر لەبەردەم وەرگرەکانیدا.

دوای هەمو ئەو ڕەنگدانەوە دیاردانەی کۆمەڵگە و واقیعی کۆمەڵایەتی لە ڕۆماندا، گۆڵدمان بەو تێڕوانینە دەگەیەنێت، کە پێیوایە ڕۆمان ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگایە و یەکێک لە توخمە شیکارییە هەرە گرنگەکانی ڕۆمانەکە ڕونکردنەوەی کۆمەڵناسییانەیەتی. ئەو پێیوایە بەو پێیەی ڕۆمانەکە لە بنەڕەتدا جۆرێک بوە لە ژیاننامە و مێژوی کۆمەڵایەتی، بۆیە کۆمەڵناسانی ئەدەب توانیویانە نیشانیبدەن، ئەم مێژوە کۆمەڵایەتییە کەم تا زۆر ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگەی سەردەمی خۆی بوە (عبداللهیان و عبدی، 1399: 4).

گۆڵدمان ئەوە دەخاتەڕو، ئەو ژینگە و دەوروبەرەی ڕۆماننوسی تێدا دەژی کاریگەری لەسەر چۆنییەتی بیرکردنەوەی دادەنێت، ئەمەش کاریگەرێتی ژینگە و دەوروبەر و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و هتد، دەردەخات. دەشێ ئەم کارتێکردنانەچەند ڕوێکی هەبێت، وەک گۆڵدمان جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەشێ شێوەی تەبابون وەربگرێت دەشێ شێوەی کاردانەوەی بە ڕەمز و یاخیبون وەربگرێت، یانیش دەشێت ئاوێتەیەک بێت لەو بیروبۆچونانەی لەو ژینگەیە و دەوروبەرییەوە باون و وەریاندەگرێت. یانیش دەشێت کارتێکردنی چەند ئایدۆلۆژیایەکی دور لەو کات و شوێنە بێت کە تێیدا دەژیت، ئەو ئایدۆلۆژیایانە ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژینگە و دەوروبەریدا هەبێت (نیچە و ئەوانی دی، 2008: 179). هەندێ لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانی ئەدەب گرنگی بە ژیاننامەی نوسەر دەدەن وەکو ئەوەی ژیاننامەی نوسەر خاوەنی گرنگییەکی زۆر بێت لە لێکۆڵینەوەی ئەدەب، بەڵام پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کاتێک لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە سنوری ڕوی دەرەوەی ژیاننامەی نوسەر قوڵتر بوەوە ئەوا ئەوکاتە ژیاننامەی نوسەر جگە لە کەرەستەیەکی لاوەکی بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب شتێکی دیکە نییە و ئەوکاتە هۆکاری گرنگی قوڵبونەوە بەنێو ناخی دەقدا پێویستە لە پەیوەندیی تێکەڵبوی نێوان کارە ئەدەبییەکان و جیهانبینی هەندێ لە بنچینە کۆمەڵایەتییەکان بکۆڵینەوە. هەر ئەمەشە وای لە گۆڵدمان کردوە بگاتە ئەو یەقینەی بڵێت: ((بابەتە ڕاستییەکان بۆ داهێنانی هونەری و ئەدەبی، هی ڕۆشنبیریی کۆمەڵە مرۆڤەکانن نەک تاکە دابڕاوەکان)) (تادیە، 1993: 242). ئەوەی گۆڵدمان بە گرنگییەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی ڕۆمان چاوی لێدەکات بریتییە لە شرۆڤەی دەرەکیی دەقە ئەدەبییەکان لە ڕێگەی لێکدانەوەی نێوان پێکهاتەی بەرهەمە ئەدەبییەکان و جیهانی گروپێکی کۆمەڵایەتی. ئەم کارەش پێویستی بە توێژینەوە هەیە لە بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری

و ... هتد، نێو ئەو ژینگە و سەردەمە کۆمەڵایەتییەی کە دەقە ئەدەبییەکەی تێدا بەرهەمهاتوە. گۆڵدمان جەخت لەوە دەکاتەوە، کە پێش ئەوەی مژوڵی پەیوەندییەکانی نێو کاری ئەدەبی و چینە کۆمەڵایەتییەکان بین و بەدوای ئەم پەیوەندییەدا بگەڕێین، ئەوا پێویستە لە خودی دەقە ئەدەبییەکە بگەین. ئینجا لەوێوە ئەو ئاماژانە ئاشکرا بکەین کە لە دیدێکی جوانیناسیی ئەدەبییەوە بڕیاری ئەوەی لەسەر بدەین، کە ئەو جیهانەی ئەدیبێک لە دەقە ئەدەبییەکەیدا خوڵقاندویەتی و دەیەوێت پەیامێکمان پێ بڵێت لێی تێبگەین. ئەوەی نابێت نادیدەی بگرین ئەوەیە ئەدیب وەک هەر تاکێکی نێو کۆمەڵگە بونەوەرێکی ئاڵۆزە و پەیوەندییەکانی خۆی وەک تاکێکی نێو کۆمەڵگە و پەیوەندی بە کۆمەڵگە و واقیعی کۆمەڵایەتی فرەڕەهەندە. بۆیە پەیوەندییەکانی نوسەر بە واقیعی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ... هتد، زۆر فرەڕەهەند و فرەپەیوەندیین. بۆیە ناتوانین بە تێڕوانینێکی سادە و هێڵکارییەکی ساکار ئەم پەیوەندییە کۆمەڵناسییەی ئەدەبە بکێشین. ئەوەی زۆر جێگەی ئاگالێبونە لەبارەی ئەم پرسەوە بریتییە لە دو خاڵ (نیچە و ئەوانی دی، 2008: 190):

یەکەم: ئەو بۆچونە ڕاست نییە، کە پێمانوابێت هەر دەقێکی ئەدەبی لە ژیان و وردەکارییەکانی ژیانی واقیعی و ململانێ کۆمەڵایەتییەکان نزیک بوەوە ئەوا جوانییەکەی لەدەستدەدات.

دوەم: ئەوەش ڕاست نییە، کە هەر دەقێکی ئەدەبی بەهاکەی بەپێودانگی ناوەڕۆکەکەی یان هەندێ پێوەری فیکری و ڕێباز و میتۆدەوە هەڵبسەنگێنین و بە توندی بە واقیعی ببەستینەوە، چونکە ئەدیب ئیشی ئەوە نییە و نایەوێت وێنەیەکی ڕاستەقینە و وەک خۆی واقیع بەرهەمبهێنێتەوە و ڕاستییەکانی نێو واقیع وەکو خۆی دوبارە بکاتەوە.

بەرمەبنای ئەم بۆچونەیە کاتێک ئەدیب بەرهەمێکی ئەدەبی دەنوسێت، دەتوانین لە دەقەکەوە دنیابینیی ئەدیبەکەمان بۆ ئاشکرا ببێت. هەر بۆ نمونە دونیابینییەکەی چەندە لایەنگیری چینی کرێکاری بێت و چەندە بۆرژوازی بێت و چەندە پشتگیری دەسەڵات بێت، دەقە ئەدەبییەکەشی هێندە پرۆلیتاری و بۆرژوازی و ئۆرستۆکراتی دەبێت. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت ئەو دەقە هێندە بانگەشە و پیاهەڵدان و ئیبرازکردنی ئەو چینە بێت، کە ناوەڕۆکی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، هێندەی پێچەوانەکەی دروستە و پیشاندانەوەی ئەو واقیع و ژینگەیەیە کە ئەدیب تێیدا ژیاوە و کاریگەرییەکانی لەسەر دەردەکەونەوە و شەقڵە سەرەکییەکانی ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە وەک هۆکاری پەیوەندی نێوان ئەدەب و واقیعی کۆمەڵایەتی دەرکەوتوەتەوە.

لەمەڕ وەرگرتنی سنور و چوارچێوەی دەقی ئەدەبی وەک کەرەستەیەکی بەردەمی لێکۆڵەری بواری کۆمەڵناسیی ئەدەب، گۆڵدمان پێیوایە لێکۆڵەر لە پێناو گەیشتن بە دەرککردنی بەرهەمی ئەدەبی پێش هەر شتێک پێویستە پێکهاتەکەی بکەینە سنوری لێکۆڵینەوەکە و بە جارێک هەمو دەقەکە وەک یەکەیەکی پێکبەستراو ڕاڤە بکات. بۆ ئەمەش پێویستە ڕێگە و ئامراز و یاسایەکی یەکانگیری بنەڕەتی لەبەرچاو بگیرێت و بکرێتە بنەما و لە ڕێگەیەوە

ڕەوتی گەشەی دەق و پیشان بدات کە چۆن و بە چ شێوەیەک و بە چ پێوەرێک تایبەتمەندیی گەشەکردنی ڕوداوەکانی نێو بەرهەمە ئەدەبییەکە هەیە و پەیوەندیشی بە چ دۆخێکی تایبەتەوە هەیە (مارکس و ئەوانی دی، 2006: 337 تاکو 342). ئەمەش وایکردوە گۆڵدمان جەخت لەسەر چەند بنەمایەک بۆ کۆمەڵناسیی ئەدەبی بکاتەوە و تەواوی ئەو چەمک و بنەماینەی گۆڵدمان لەمەڕ پرسی کۆمەڵناسی ئەدەب بە گشتی و کۆمەڵناسی ڕۆمان بە تایبەتی بریتین لە بۆچونگەلێکی ورد سەبارەت بە هەبونی پەیوەندی ئەدەب و کۆمەڵگە و کاریگەرییەکانی واقیعی کۆمەڵایەتی بەسەر خودی ئەدیب و دواجار بەسەر ئەو ڕۆمانەی کە ڕۆماننوس بەرهەمی دەهێنێت و ئەم کاریگەرییانەش لە نێو ڕۆمانەکەدا دابەش و گەردان دەبنەوە.

## 1. 4. بنەما کۆمەڵناسییە ئەدەبییەکانی گۆڵدمان

گۆڵدمان بۆ پرسی کۆمەڵناسیی ئەدەبی بە گشتی و کۆمەڵناسیی ڕۆمان بە تایبەتی لە نوسینەکانیدا چەند بۆچون و بنەمایەکی هەیە و هەر خۆشی لە کتێبەکانیدا ئەو بنەمایانەی خستونەتەڕو و لەسەر ڕۆمانی چەند ڕۆماننوسێکیش پراکتیکی کردوە. ئەم بنەمایانەی گۆڵدمان بۆ ڕەخنەی کۆمەڵناسیی ئەدەبی وەک چەقێک چاویان لێدەکرێت و لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت شیکردنەوەی کۆمەڵناسییانەی ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی لە ڕوانگە و بۆچونی گۆڵدمانەوە بکرێت. ئەو شێوە کارکردنە بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵناسییی ئەدەب لای گۆڵدمان لەسەر چەند بنەمایەکی ورد و ڕێکخراوە و لەو ڕێگەیەوە دەتوانرێت لێکدانەوەیەکی کۆمەڵناسانە بۆ هەر دەقێک بکرێت و ئەنجامگیرییەکی باش بۆ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە دەستگیرببن. ئەویش بە پشتبەستن بەو زاراوە و چەمک و بنەمایانەی گۆڵدمان بە ئاگایی و لەژێر کاریگەری بۆچونە کۆمەڵناسییە ئەدەبییەکانی مارکس و لۆکاچ بونیادینان.

گۆڵدمان خۆی بنەماکانی خۆی لەسەر چەند ڕۆمانێک پراکتیک کردوە و لە ڕێگەیەوە توانیویەتی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و واقیعە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر ژانری ڕۆمان بخاتەڕو. لەگەڵیشیدا بنەماکانی بە شێوەیەکی تیۆری وەسفکردوە. ئەم توێژینەوەیەش هەر لەسەر بنەمای ئەم بنەما کۆمەڵناسییانەی ئەدەبیی لوسیان گۆڵدمانەوە خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسییانەی ڕۆمان بەپێی بنەمای (کارەکتەری خاوەن کێشە) بۆ ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی کراوە. لێرەدا بنەمای (کارەکتەری خاوەن کێشە) لە چوارچێوەی بۆچونە کۆمەڵناسییە ئەدەبییەکانی گۆڵدمان دەخەینەڕو:

### 1. 4. 1. بنەمای کارەکتەری خاوەن کێشە (Heros problematique)

یەکێک لەو چەمکانەی گۆڵدمان لەمەڕ کۆمەڵناسیی ڕۆمان دەیخاتەڕو و وەکو بنەمایەکی میتۆدی کۆمەڵناسیی ڕۆمان دەیناسێنێت، بریتییە لە (کارەکتەری خاوەن کێشە). ئەگەرچی یەکەمین داهێنەری ئەم چەمکە (جۆرج لۆکاچ)ـە. بەڵام دوای لۆکاچ ئەم چەمکە لەسەر دەستی گۆڵدمانەوە زۆر برەوی پێدرا و پەرەدەسەنێت و مانا و ڕۆڵی ئەم

چەمكەش لە ڕۆماندا بەرفراوانتر دەبێت. بە جۆرێک لای گۆڵدمان ئەم چەمكە دەبێتە بنچینەیەكی بە بایەخ بۆ كۆمەڵناسیی ڕۆمان.

ڕەنگە لە كاتی بینینی وەها چەمكێكەوە خەیاڵمان بۆ چەند واتایەک لەمەڕ (كارەكتەری خاوەن كێشە) بچێت. بۆیە گۆڵدمان لە خستنەبەرباسی ئەم زاراوەیە ئەوە ڕوندەكاتەوە، كە بۆئەوەی لە هەر جۆرە بە هەڵەتێگەیشتنێک دوربكەوینەوە دەبێت ئەوە زو ڕونبكەینەوە، كە مەبەست لە كارەكتەری خاوەن كێشە و پرۆبلماتیک ئەوە نییە، كە ئەم كارەكتەری كێشەنێرەرەوە و كێشەدروستكەرە. بەڵكو بەو مانایە بەكاردێت، كە كارەكتەری خاوەن كێشە ئەو ئامادەییەی تێدایە بەهاكانی ژیانی خۆی لە بەرانبەر كێشەیەک دابنێت، لە كاتێكدا ئەم كێشەیە ئەگەرچی چارەسەركردنی دژوار و ئەستەم بێت (یاسین، 1999: 36).

كارەكتەری خاوەن كێشە لە ڕۆماندا، كەسێكە بەدوای نرخ و بەها باڵاكانەوەیە، كە ئەو نرخ و بەها بەرزانە لە كۆمەڵگەی سەرمایەداری و كاپیتاڵیدا باویان نییە و بە سانایش پەیدانابن. كەوابێت كارەكتەری خاوەن كێشە لە پێناو بەدیهێنان و بەدەستهێنانی ئەم بەها باڵایانە لە ڕۆماندا هەوڵی بۆ دەدات. ئەوەی جێی سەرنجە لە ڕۆماندا كارەكتەری خاوەن كێشە ناتوانێت ئەو بەهایانە بەدەستبهێنێت، چونكە بەر لە بەدەستهێنانی ئەم بەها باڵایانە تێدادەچێت، یان دەكوژرێت… هتد. لە نێو ڕۆمانی كوردیشدا كارەكتەری خاوەن كێشە لە هەندێ ڕۆماندا بەدیاركەوتوە. بە نمونە لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلیدا، (پەروانە) كارەكتەری خاوەن كێشەیە. هەروەها لە ڕۆمانی (گرەوی بەختی هەڵاڵە)ی (عەتا نەهایی)دا هەردو كارەكتەر (هەڵاڵە، دكتۆر سەعید) كارەكتەری خاوەن كێشەن. ئەمانە و نمونەی دیكەی كارەكتەری خاوەن كێشە لە ڕۆمانی كوردیدا بەرچاودەكەون. تا ئەوپەڕی توانا هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێكی بەرزتر لە دید و باوێتی دونیای سەرمایەداری و كاپیتاڵیدان. هەریەكە لەو كارەكتەرانەش ناتوانن بە ئامانج و خاڵی كۆتایی ئامانجەكەیان بدەن و توشی كێشە دەبن دەبنە كارەكتەری پرۆبلماتیک.

گۆڵدمان لە لێكۆڵینەوەكانی لەمەڕ كۆمەڵناسیی ڕۆماندا، ژانری ڕۆمان لە ژێر ڕۆشنایی چارەنوسی تاک لە جڤاتی سەرمایەدارییدا گەردانی سەر سێ قۆناغ دەكات. ئەوانیش:

**قۆناغی یەكەم:** سەرمایەداریی ئازاد، كە بە بزاڤی تاكگەرایی بەپێی یاسای ئازادیی كار و چالاكی و داهێنانی تاكی دیاریدەكرێت.

**قۆناغی دوەم:** دروستبونی سەرمایەداریی مۆنۆپۆل، ئەم قۆناغەی سەرمایەداری لە كۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروستبوە. تایبەتمەندیی ئەم قۆناغە ئەوەیە هەر جۆرە گرنگییەكی تاک و ژیانی تاكی لە نێو پێكهاتەی ئابوریدا، سەرەنجام لە تێكڕای ژیانی كۆمەڵایەتیدا دەفەوتێت.

**قۆناغی سێیەم:** ئەمەش بە سەردەمی پەیدابونی سەرمایەداریی ڕێکخراوەیی دەوڵەتی و جڤاتی دەستکاریکراو دادەنرێت. گەشەی سیستەمی کۆنترۆڵی دەوڵەت و میکانیزمی ڕێکخراوی ئۆتۆماتیک، کە بەرەو سڕینەوەی هەر چەشنە داهێنانێکی تاکی یان گروپی دەچێت.

گۆڵدمان کارەکتەری نێو ڕۆمانەکانی سەر بەم قۆناغە سەرمایەدارییانە بەم تەرزە پۆلێنیان دەکات:

ڕۆمانی کارەکتەری خاوەن کێشە، کە لە ڕۆمانەکانی (فلۆبێر، ستاندال، گۆتێ، بالزاک و هتد)، لەگەڵ قۆناغی یەکەمی سەرمایەداری تەبایە. هەرچی قۆناغی دوەمی سەرمایەدارییە، گۆڵدمان بە نەمانی کارەکتەری خاوەن کێشە ناوی دەبات و ڕۆمانەکانی (جۆیس، مۆزیل)، پرۆست، کافکا، سارتەر، مالرۆ، کامۆ، ناتالی سارۆت) بە ڕۆمانی ئەم قۆناغە، قۆناغی دوەمی سەرمایەداری و نەمانی کارەکتەری خاوەن کێشە دیاریدەکات. هەرچی قۆناغی سێیەمی سەرمایەدارییە، گۆڵدمان بە سەردەمی نەمانی کارەکتەری زاڵ و قارەمان لە چوارچێوەی ڕۆمانی مۆدێرن ناوی دەبات و ڕۆمانەکانی (ڕۆب گری) بە ڕۆمانی ئەم قۆناغە، نەمانی کارەکتەری زاڵ و قارەمان دیاریدەکات (ئەدۆرنۆ و ئەوانیتر، 2009: 144-145). کە دەشڵێین لەم قۆناغەدا کارەکتەری زاڵ یان کاریگەر هەبونی بەرەو کاڵبونەوە و نەمان دەچێت، مەبەست ئەوەیە ئەو کاتەی کە ڕۆمانی نوێ لە نێو جەرگەی ئەدەبی ئەوروپیدا سەرهەڵدەدات، ئەم قۆناغە قۆناغی سەرمایەداریی ئەوروپایە لە ڕوی بازارگەرمی هەیمەنەی چینەکان لە کۆمەڵگەی ئەوروپیدا. لەم قۆناغەشدا بەتەواوی تێڕوانین بۆ دەوروبەر هێندەی لەسەر بنەمای تێڕوانین بۆ شتەکانە هێندەی بۆ ئەزمون و گیروگرفت و موعاناتەکانی کارەکتەری ڕۆمان نییە. تەنانەت لە ڕۆمانی نوێی ئەوروپیدا ناوی کارەکتەرەکانیش هێندە بە گەورەیی چاوی لێنەدەکرا هەربۆیە هەندێجار ناوی کارەکتەرەکانیش بە کورتکراوەیی یان تەنیا پیتی یەکەمی ناویان دەنوسرا. هەمو ئەم تێڕوانینانەش بۆ کارەکتەری و ڕۆڵەکانی کارەکتەری لە ڕۆماندا هێندەی بەرەو بە شتبون (Reification) چوبون هێندەی لەسەر بنەمای توانا و کاریگەرییەکانی کارەکتەری ڕۆمان تا ڕادەی قارەمانی ڕۆمان نەچوبون. ئەم بە شتبونەش لە کاروبارە ڕۆتینی و ئاساییەکانی ژیان و زەینییەتی تاکی ئەوروپیدا ڕەنگیداوەتەوە (یاسین، 1999: 37). ئەمەش لەمەوە سەرچاوەیگرتوە، کە ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بەتایبەتی ئەرکی بە جۆرێکی دیکەی پیشاندانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگە و بەستێنێکی مێژوییە. هەربۆیە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی وادا، کە بازاڕ و ئابوری ئەم برەوەی هەبێت بێ مەرج ئەم ڕوانینە پەرەدەسەنێت. سەرمایە وەکو هێمایەکی دەبێتە ئەو فاکتەی ببێتە بەهایەکی باڵا لەنێو کۆمەڵگەدا و ئەم بارودۆخەی سەرمایەداریی ڕەخساندویەتی لە ژانری ڕۆماندا دەردەکەوێتەوە بە دەرکەوتنەوەی کارەکتەری خاوەن کێشەشەوە. ئەم دیاردەیەش لە لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکانی لۆکاچ و دواتر گۆڵدمان بوەتە پرسێک بە گرنگییەوە سەیریانکردوە و بە جۆرێک گۆڵدمان ئەم چەمکە (کارەکتەری خاوەن کێشە) لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵناسیی ڕۆماندا بە بنەما و مژارێکی گرنگ لێی دەڕوانێت و وردەبێتەوە.

## 2. بەشی دووەم

### 2. 1. کارەکتەری خاوەن کێشە (Heros problematique) لە (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی دا:

کارەکتەری خاوەن کێشە، یەکێک لەو چەمکانەی گۆڵدمان لەمەڕ کۆمەڵناسیی ڕۆمان دەیخاتەڕو و وەکو بنەمایەکی میتۆدی کۆمەڵناسیی ڕۆمان دەیناسێنێت. هەمو ڕۆمانێک چەند کارەکتەرێک پێکهاتەی کەسەکان تەواودەکەن. ئەم کارەکتەرانە خاوەنی کەسایەتی و ئایدۆلۆژیا و بیرۆکە و مەبەست و جیهانبینیی جۆراوجۆرن. هەندێ ڕۆمان ناوەڕۆکەکەی وایە پێویستی بە قوربانیدان و لێهاتویی کەسایەتییەکە تا بە گژ کێشەکاندا بچێتەوە و بە کۆتا و چارەسەریان بگەیەنێت. ئەو کارەکتەرەی بەمە هەڵدەستێت گۆڵدمان و پێشتریش جۆرج لۆکاچ کارەکتەری خاوەن کێشە ناوی دەبردرێت.

کاتێک چەمکی (کارەکتەری خاوەن کێشە) دەبینین لەوانەیە پێمانوابێت ئەم کارەکتەرە خوڵقێنەر و سەرچاوەی کێشەگەلێکە، بەڵام گۆڵدمان لە خستنەبەرباسی ئەم زاراوەیە ئەوە ڕوندەکاتەوە، مەبەست لە کارەکتەری خاوەن کێشە ئەوە نییە، کە ئەم کارەکتەرە سەرچاوەی کێشەنانەوە و کێشەدروستکەربێت. بەڵکو کارەکتەری خاوەن کێشە ئەو ئامادەییەی تێدایە بەهاکانی ژیانی خۆی لە بەرانبەر کێشەیەک دابنێت، لە کاتێکدا ئەم کێشەیە ئەگەرچی چارەسەرکردنیشی ئەستەم بێت، بەڵام ئەم کارەکتەرە ئەرکی ڕوبەڕوی ئەو کێشەیە ببێتەوە.

ڕۆمانی کوردیش ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە پرس و بابەت و گرێوگۆڵێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، بەرەنگاری، دڵداری... هتد، ئەم پرس و بابەتانەش هەڵگری چەند گرێ و ئاریشەیەکن و زۆر جار کارەکتەرێک ڕوبەڕوی ئەم کێشە و ئاریشانە دەبێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردن. مەرجیش نییە ئەم کارەکتەرە بە سەرکەوتویی و زیندویتی و پاڵەوان بمێنێتەوە، هەندێجار کارەکە بە کۆتایی دەگەیەنێت بەڵام بەو هۆیەوە دەستبەسەر یان خۆی لەسەر دادەنێت. دەرکەوتنی ئەم کارەکتەرەش لە ڕۆماندا پەیامێکی ئاشکرای لەخۆیدا هەڵگرتوە.

کارەکتەری خاوەن کێشە لە ڕۆماندا، کەسێکە بەدوای بەها باڵاکانەوەیە، کە ئەو بەها بەرزانە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری و کاپیتاڵیدا باویان نییە و بە سانایش پەیدانابن. کەوابێت کارەکتەری خاوەن کێشە لە پێناو بەدیهێنان و بەدەستهێنانی ئەم بەها باڵایانەوەیە و لە ڕۆماندا هەوڵی بۆ دەدات. ئەوەی جێی سەرنجە لە ڕۆماندا کارەکتەری خاوەن کێشە ناتوانێت ئەو بەهایانە بەدەستبهێنێت، چونکە بەر لە بەدەستهێنانی ئەم بەها باڵایانە تێدادەچێت، یان دەکوژرێت... هتد.

لە هەندێ ڕۆمانە کوردییەکان، هەمان ئەو کارەکتەرە خاوەن کێشانە دەردەکەون، کە لە بنەمای (کارەکتەری خاوەن کێشە)ی گۆڵدمان وەسف و باسکراون. ئەو کارەکتەرە خاوەن کێشانە، دەستبەرداری دونیای باوی سەردەمی خۆیان دەبن و لەگەڵ ئەو بەها باڵایانەی دونیای سەرمایەداریدا کۆک نین، لە بەرانبەردا باهاگەلێک هەن

کە لە دونیای سەرمایەداری و کاپیتالیزمدا باو نین، کەچی کارەکتەری خاوەن کێشە لە ڕۆماندا بەدوایانەوە وێڵ و سەراسیمەیە. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە ئەم کارەکتەرە هەرگیز ناتوانێت ئەوەی هەوڵی بۆدەدات بگاتە خاڵی کۆتایی.

لە ڕۆمانی (**ئێوارەی پەروانە**)ی (**بەختیار عەلی**)دا، (پەروانە) نمونەیەکی پڕاوپڕی کارەکتەری خاوەن کێشەیە. پەروانە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا کیژێکی تازەپێگەیشتوی خاوەن دایکێکی بێوەی و باوکێکی ئاڵوگۆڕکەری زێڕ و چەند برایەکی خاوەن کار و خوشکێکی بچوکتر لە خۆیەتی. پەروانە لە خوێندنگەدا یەکێکە لە کچە جوان و بەرچاوەکانی خوێندنگە و ڕۆژانە چەند کەسێکی جیاجیا داوای خۆشەویستی لێدەکەن. کەسەکان لە تەمەن و کارکردن و پیشە و بیر و تێڕوانینەوە جۆربەجۆرن. پەروانە بێسڵەمینەوە ڕۆژانە ئەم داوایانە ڕەتدەکاتەوە. کچە خوێندکارە جوانەکانی هاوشانی ماوەماوە یەکێکیان دیارنامێنێت و بە (خەندان)ی خوشکە بچوکەکەی دەڵێت فلان کچە شوی بە فڵان کوڕە کرد و فڵان کچە لە دەرەوەی وڵات شوی کردو و فڵانیش شوی بە فڵانە بەرپرس یان سەرمایەدارەی شار یان ڕۆشنبیرەی شار کردوە. ئەوەی جێی سەرنجە پەروانە بە هیچ کام لەم ژیانانە ڕازی نییە و هەمو ئەوانە ڕەتدەکاتەوە. تەنانەت لەگەڵ ئەو کوڕە سەعاتچییە دەوڵەمەندەشدا پێکنەگەیشتن، کە سوێندی بۆ پەروانە خواردبو کە دەتوانێت کاتژمێرەکانی دونیا پاش و پێشبخات. لەگەڵ ئەو گەنجە شەرمنەش هاوسەرگیری بکات کە دەیگوت دەتوانێت ڕەشەباکان بوەستێنێت. تا ئەو ڕۆژەی کە باوکی پەروانە لە جەژنی قورباندا ئاژەڵێک دەکاتە قوربانی و پەروانە و خەندان بە سینیی پڕ لە قاپە گۆشتی قوربانی ئەمکۆڵان و ئەوکۆڵان دەکەن و گۆشت دەبەخشنەوە تا بۆ جاری سێیەمی سینییە گۆشتەوە دەچنە کۆڵانێکی دور و کپ و داخراو و پڕ لە پەپولە. تاکە کۆڵانێکی شار بو کە خوێنی قوربانی تێدا نەدەبیندرا. لەم کۆڵانەدا بەدەم ڕێگاوە پەروانە بە خەندانی خوشکی دەڵێت ((**خەندانی چکۆلە، دەزانیت من جەژنێکی دیکە لێرە نابم؟**)) (عەلی، 2013: 11). ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی کۆتاییەکانی پەروانەیە،. پەروانە دەبێ پەیوەندییەکی دروستکردبێت، بەڵام چۆن پەیوەندی و چ کوڕێک و ... هتد. ((**لەوێ لە دەرگایەکی قوبەدار و گەورەماندا، دەرگایەک یەک پارچە بە مێروله داپۆشرابو... چەندین جار لە ئەڵقەڕیزێکی کۆن و لە زەنگڵی پاڵ قاپییەکەماندا، پاش تۆزێک گەنجێکی باریک دەرگاکەی لیکردینەوە، نیمچە سەرسام و حەپەساو گوتی: "چاوەڕوانم دەکردن"، زەردەخەنەیەکی ماندوی گرت و سەریلەقاند و بە دەنگێکی غەمگین گوتی: "خۆشهاتن، خۆشهاتن... ئەها، سەرەتای وەرزی قوربانییە، من لەیادم چوبوەوە، هەر لە خەیاڵدا نەبوم کە سەرەتای قوربانییە...". ئەوە "فەرەیدونی مەلەک" بو کە دواتر من تەنها لە شەوەزەنگ و بەرەبەیان و تەپوتۆزە سپییەکاندا دەیبینم**)) (عەلی، 2013: 11-12). ئەو ڕۆژانەبو کە پەروانە کەوتبوە داوی خۆشەویستیی فەرەیدونی مەلەکەوە، ئەو خۆشەویستییە زۆر سەیر و ناباوی سەردەمەکەیە. خۆشەویستییەکە، پەروانە چەندین داوای کوڕی ئەو سەردەمەی ڕەتکردنەوە، کە بەڵێنی ژیانی خۆش و بردنە دەرەوەی وڵات و ... هتد، پێدرابو. کەچی پەروانە بەڵێنی

بە فەرەیدونی مەلەکدا و بڕیاریدابو لەگەڵیدا بڕوات، تا ئەوسەری شار، ئەوسەری زەوی، دورترین شوێن کە دورەدەست و دور لە ژاوەژاو و قەرەباڵغی و دونیای بەجیهانبون بێت، شوێنێک کەس خەیاڵی بۆ زەن نەکات، شوێنێک کە دواجار چەندین ناوی بۆ داتاشرا (هەرێمی عاشقان، جەنگەڵستانی عاشقان، چڕستان، کونە عاشقان، حەشارگەی عاشقان، ... هتد). شوێنێک دور لە چاوی هەموان لەگەڵ فەرەیدوندا ڕێکدەکەون بەیەکەوە بڕۆن بۆ ئەو شوێنە و وەک دو خۆشەویست بۆ ئەبەد دوربکەونەوە و لەوێ بژین.

ئەم بڕیاردانەی پەراوانە، نائاساییە و هەست بە ڕێککەوتنێکی ئاسایی و باو ناکرێت. دەتوانین بڵێین ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری خاوەن کێشەیە، ئەو کارەکتەری خاوەن کێشەیەی کە گۆڵدمان بە وردیی لێی دواوە.

ئەو ڕۆژانەی دوایی، کە پەروانە بەیەکجاری دەڕوات و گەڕانەوەی نییە، سروشتی بەتەواوی دەگۆڕێت و خەندانی خوشکی بە سانایی هەستی پێدەکات. بێزارییەکی سامناک و سروشتێکی نادر بەسەر ژیانی پەروانەدا دێت ((**دڵتەنگییەکی کوشندە باڵی بەسەر ژیانی هەردوکماندا کێشابو. پەروانە بەردەوام دەگریا و دەیگوت "سەفەر دەکەم" نەمدەزانی دەیەوێت بچێت بۆ کوێ، بەڵام لەمێژبو بو من دەمزانی، بازنەی پەیوەندییەکانی بە جۆرێکی سەیر گەورە دەبێت. ئێواران کەمجار لەگەڵ مندا لە قوتابخانە دەگەڕایەوە، لە پاسەکانیشدا بەو کراسە شینەی قوتابخانە و بەو بلوسە سپییە ملدار و قردێلە کەتانەوە بە جیا و زۆر جاریش دور لە من دادەنیشت، بەردەوام سەیری دەرەوەی دەکرد و خەیاڵ دەیبردەوە، کەمجار ئاوڕی لە من دەدایەوە. هەندێجار تکای لێدەکردم لەگەڵیدا نەڕۆم، حەزیدەکرد هەمیشە دور لە چاوانی من و بە تەنها بڕوات**)) (عەلی، 2013: 21). سروشتی پەروانە وەکو کارەکتەری خاوەن کێشە لە هەڵسوکەوت و پەیوەنییە کۆمەڵایەتییەکانیشیدا ڕەنگیداوەتەوە. کەسێکە جوڵە و سروشتەکەی ناسازە لەگەڵ دەوروبەری، لەگەڵ ئەو شێوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە، و پەیوەندییە کەسییەکانی ناسازە، پەیوەندییەکانی پتر لەگەڵ خۆی نەک دەوروبەرییەتی. هەست بە بێزاریی جەنجاڵی شار و پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەریدا دەکرێت. بێزارییەک کە ناتوانێت خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت، پێی دڵشاد نییە، ناشییەوێت ئەم شێوە ژیانەش درێژەی هەبێت. پەروانە ئەو کارەکتەرەیە لێرەوە بەرەو کارەکتەری خاوەن کێشە دەچێت. بە جۆرێک نەیدەتوانی لەسەر یەکێک لەو داواکارانەی کوڕانی شار بگیرسێتەوە، نەیدەتوانی بڕیاربدات بچێتە نێو پەیوەندییەکی سۆزداریی لەگەڵ هیچ کام لەو کوڕانەی، کە چەندین بەڵێنی جیاجیایان پێدەدا. هیچ کارەکتەرێکی نزیک لە پەروانەش لە ڕازەکانی تێنەدەگەیشت، تەنانەت خەندانی بچکۆلەی خوشکیشی کە شەوان لە یەک ژور بەرانبەر یەکتری دەخەوتن نەیدەتوانی لە ژیانە تایبەتەکەی تێبگات. ئەو ڕۆژانەی کەڵکەڵەی بەجێهێشتنی شار لەلای پەروانە بەرەبەرە گەورەدەبو و خەونێک بو هێدی هێدی دەبوە ڕاستی، خەندان بەم تەرزە گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد و پێیدەگوت: (("**دەتکوژن... دەتکوژن، بۆ وادەکەیت، خۆ تۆ سۆزانی نیت". دەیگوت: "نازانم، بەڵام ترسی ئەوەی لەم شارەدا، لەم ژیانە وێرانەدا بە زیندویی**

**زیندەبەچاڵ ببم، بەڵام ترسی ئەوەی لەم شارەدا، لەم ژیانە وێرانەدا بە زیندویی زیندەبەچاڵ ببم، دەمکوژێت"... دەمگوت: "بۆ کوڕێکت خۆشناوێت و تەواو... بۆ خۆت دەخەیتە گێژاوی ئاوەها شەیتانییەوە". فرمێسکەکانی دەسڕی و بە زەردەخەنەیەکەوە کە سیمای پەپولەیەکی بێگوناهی پێدەبەخشی دەیگوت: "خەندانی بچکۆلە، لەبیرت نەچێت، من لە تۆ ناچم، من لە کەس ناچم، من یەکێکی ترم". هەندێ شەو جانتاکەی دەپێچایەوە و جلەکانی ئامادەدەکرد و دەیگوت: "زۆری نەماوە... دەڕۆم... دەڕۆم"))** (عەلی، 2013: 24). هەست بە بێزارییەکی زۆر لەلای پەروانەوە لە شار، لە ژیان. هەست بە نائارامییەکی کوشندە دەکات تا ڕادەی هەستکردن بە زیندەبەچاڵکردن. خۆیشی هەستی دەرکی بەوە کردوە کە خۆی جیاوازتر لە ئەوانی دیکەیە و لە کەس ناچێت. ئەمانەش سەرتاپای بریتین لە نامۆبون لەو ژیانە دوبارەیی و وەکیەکییە دەستەجەمعییەی کە هەیە. پەروانە مرۆڤێکە لە کەس ناکات، لە خۆی نەبێت. ئەم جیاوازبونەش بریتییە لە دۆزینەوەی ئەو بەها ڕاستەقینەیەی ناخی خۆی. ئەو وێستگەیەی کەم کەس پێی دەگات. ئەو خۆدۆزینەوەی کە مرۆ تەریک لە هەندێ ژیانی باو و ڕۆژانە دەکات. وادەکات خاوەنی کارەکتەری تایبەت بەخۆ و لە چاوی ئەوانەوە ناجۆر دەربکەوی. هەر بۆ نمونە ڕەتکردنەوەی چەند کوڕ و پیاوێک لەلایەن پەروانەوە، کاتێک داوای خۆشەویستی یان هاوسەرگیرییان لێدەکرد، لەکاتێکدا ئەمانە کەسایەتیی زەنگین و خۆشگوزەرانی نێو شار بون و بەڵێنی ژیانێکی زۆر شایستەیان بە پەروانە دەدا و پەروانە نەدەچوە ژێر کاریگەری ئەم قسانەوە و هەر سور بو لەو بنەمایانەی لە خەیاڵ و هزریی خۆیدا لێکیدابونەوە، کە بریتییە لە ژیانێکی دور لەم جەنجاڵی و ماتریالییە و ڕۆیشتن لەگەڵ فەرەیدونی مەلەکدا.

پەروانە لەو سەروەختانەی بەتەواوی بڕیاریدابو لەگەڵ فەرەیدونی مەلەکدا بڕوات و تاهەتایە لەو ژیان و واقیع و جیهانە ڕابکات و ژیانی بخاتە بەردەم ڕەشەبایەک، کە بەرەو دەرەوەی شار و دور لەو ژینگە قەرەباڵغەی شار و ئەو ژیانە دوبارەیە، دەیبرد. پەروانە ئەو کچە نامۆیەبو بەو ژیان و شێوەژیانەی، کە هەیە. نامۆییەک هەمو سات و شوێنە جۆربەجۆرەکانی ژیانی پەروانەی تەنیبو. کارەکتەرێکە پڕە لە نامۆیی بە دەوروبەر. بۆیە بڕیاری دورکەوتنەوە شار و جەنجاڵییەکانی و پرۆسەی بەجیهانبونی وڵاتی دابو. تا ئەو ڕۆژەی بڕیاریدابو لەگەڵ فەرەیدونی مەلەکدا بڕوات نامۆ بو بە هەمو شتەکانیماڵەوەش **((وەکو سێبەرێکی نازک بەناو چواردیوارەکانی ماڵدا پاڵی پێوەدەنا، ڕقی لە بۆنی ئەو خواردنانەش بێت کە ڕۆژانە دەبایە سەر سفرەی باوک و براکانی پێبڕازاندایەتەوە. ئەو لە مێژبو نەهاتبوە سەر سفرەکان، ئەو سفرەیەی من و باوک و براکانم لەدەوری کۆدەبوینەوە و بێئەوەی کەسمان سەیری ئەوی دیکەمان بکات نانمان دەخوارد. ئەو دور لە هەموان بە تەنها دادەنیشت، هەتا دور لە دایکیشم کە وەکو جانەوەرێکی دەرکراو لە کونجێکدا خواردنەکەی بە دەوری خۆیدا دەرشت وبە چاوێکی دڵڕەقانەوە سەیری هەموانی دەکرد و دەقیژاند ... ئەو شەوە کە جانتاکەی کۆکردەوە و گوتی "ئیدی ئەمجارە دەڕۆم"))** (عەلی، 2013: 31–32). ئەم نەگونجاویەی پەروانە بە شار و ماڵەوە و دەوروبەر و ئەندامانی خێزانەکەی، بە ڕۆیشتنی لەگەڵ

فەرەیدونی مەلەکی خۆشەویستی کۆتایی دێت و بڕیاردەدات ئیدی ماڵ و خوێندنگە و شار بەجێبهێڵێت و لەگەڵ فەرەیدون بەرەو (جەنگەڵستانی عاشقان) ڕابکات و دور لە جیهانگیریی و جەنجاڵی شار و ئەندامانی خێزانەکەی بۆ ئەبەد بژی. پەروانە لەو باوەڕەدایە ژیان لەگەڵ پیاوێکی قەلەندەرئاسای گەڕۆکدا جوانترە لە ژیان لەگەڵ ئەو پیاوانەدا کە بە جێگەیەکەوە دەگیرسێنەوە و خەیاڵیان بۆ گۆڕینی نابزوێت. ئەم ڕۆیشتنەی بریتییە لە نامۆبونی بەو ژینگە ژیانە سەردەمییەی کە هەموانی بەخۆیەوە مەشغوڵکردوە. ژیانی پڕ لە ئاڵۆزی و مادییەت و تەریکبونی مرڤ لە هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و هەست و سۆزییەکان و سادەیی، پرۆسەی بەجیهانبون لەگەڵ خۆیدا هێنای و واش لە پەروانە دەکات لەدەست ئەم شێوەژیانە باوە ڕابکات.

ئەو بەیانییە بولێڵەی پەروانە لەگەڵ فەرەیدوندا دەڕوات و ئەو بەیانییە تەنێ خەندانی خوشکی ئاگاداری ئەم ڕۆیشتنەی بو. ئەو بەیانییەی فەرەیدون هات و پەروانە لەگەڵ خۆیدا ببات خەندان زۆر دەگۆیا لەتاو حەسرەتی ڕۆیشتنی و دوا ڕستەکانی بۆ خەندانی خوشکی بریتیبون لەو ڕستە بێزارئاسایانە، کە هەرکەسێکی بێزار لە دواساتەکانی جێهێشتنی ماڵ یان شار و وڵاتدا دەیڵێت (("**هەر دەبایە بڕۆیشتمایە... هەر دەبایە" بە هێمنی سەیری باغەکەی کرد و دەستی بۆ ناو ماڵ درێژکرد و گوتی: "جەهەنەمە...". دڵنیابوم دەیویست شتێکی دیکە بڵێت، دڵنیابون دەیویست چەندەها ڕستەی خنکاوی ناو ڕۆحی ئازاد بکات و قسەبکات، بەڵام کات گەلێ درەنگ بو... ئیدی ڕۆیشت و هیچی تری نەگوت... هیچی تر**)) (عەلی، 2013: 34). بەم ڕۆیشتنەی باوک و براکانی تا ڕادەی دەهریبون توڕەبون و توڕەبونێک چەندین کار و کردەوەی توندوتیژ و ڕقلەخۆدەرکردن بون. هەر لە شکاندنی پەنجەرە و دەرگا و هەمو شتە جوانە ئەنتیکەکانی نێو ماڵ و قیژاندن و لێدان لە خەندانی بچکۆلە و بریندارکردنی. تەواوی ئەمانەش دونیابینی نوێ و سەردەم لەگەڵ خۆیدا هێنای و وایکرد کارەکتەری پەروانە کارەکتەرێک بێت هەڵکەوتەی ژیانی بەم شێوەیە بێت. تا دواجار ئەم لێکەوتە دینی و کۆمەڵایەتییانەی لێبکەوێتەوە.

کەس دەرکی بە نهێنی ڕۆیشتنی پەروانە نەدەکرد. کەس نەیدەزانی هۆی ڕاکردن لەو ژیان و شێوەژیانەی پەروانە چی بو. ئەوەی لە نزیکەوە جوڵە و سروشت و بێدەنگییەکەی دەخوێندەوە تەنێ خەندانی بچکۆلەی خوشکی بو، کە دوای ڕۆیشتنی خەندان بەم تەرزە لە ڕۆیشتنی پەروانە دەدوێ: ((**ساڵانێکی درێژ کەس سەرنجی ئەو ژیانە سەیر و وێرانەی پەروانەی نەدا. ساڵانێکی درێژ ئەو وەکو تارماییەکی بێدەنگ ئیشی ئەوەبو دیوار و حەوش و فەرشەکان پاکبکاتەوە، ئەو کرمانە کۆبکاتەوە کە دایک لە ژێر خۆیدا هەڵیهێنان، ئەو سفرانە بڕازێنێتەوە کە خۆی لەسەری نەدەخواردن، ئەو ژورانە بۆنخۆشبکات کە ڕزینی دایک لە کونجە تاریکەکەی خۆیدا بۆنەکەی دەشێواندن. عومرێک کەس پەروانەی نەدەبینی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژیانی دەبوە ئەو گەردە وردە (گەردی پەپولەکان)، ئەو گەردەی من دەمێک ساڵ بو دەمبینی، لەسەر جێگای خەوتنەکەی دەمبینی، لە نزیک ئەو گوڵانەوە دەمبینی کە ئاویدەدات... بەڵام هەرگیز باسم نەدەکرد. لێم نەدەپرسی (ئەو گەردەی پەروانانە چین کە جارجار لە دەورت دەیبینم؟)، ئەویش هیچی**

**نەدەگوت... ئەو دەیزانی ئەوەی کە هەڵدەوەریّت ژیانی خۆیەتی، ئەوەی دەبیّتە گەرد سات و کاتژمێرە ناکامەکانی تەمەنی خۆیەتی، بۆیە بۆ ژیانێک و بۆ شێوەیەکی خۆگرتر و نەگۆڕتر دەگەڕا، هەر لەدوای ئەو خەونەش دەیویست ئابڵۆقەی ئاسنینی ئەو شارە بشکێنێت کە ناوی دەنا شاری (خوێن و ئاین و تەپوتۆز)...))** (عەلی، 2013: 37-38). بەپێی ئەم وەسفەی خەندان بۆ پەروانە بێت، پەروانە دەمێکە نیشانەکانی نائاساییبونی تێدا دەرکەوتون، بە جۆرێک بێزار و ناسازە لەگەڵ ئەو کەش و ژینگەیە، کە بە هەڵوەرینی ژیانی خۆی لەم واقیع و ژینگە دوبارەبوەوە کۆتایی دەهات. بێزاریی پەروانە لە شار خۆی لە بۆتەی خوێنڕشتنە جۆربەجۆرەکانی شار و ئەو ژینگە نائارامەی لە ژێر ئاین و لێکدانەوە ئاینی و کلتورییەکانەوە و ئەو ژینگە پیسەیەی شارەوە، دەبینێتەوە. هەمو ئەمانە بە یەک پاکێچ پەروانە دەکەنە تۆپەڵێک لە بێزاری و حەزی ڕاکردنی لەم شار و ماڵە ڕۆژبەڕۆژ لە مێشکیدا هەر پەنگدەخواتەوە و تا دواجار بە ڕۆیشتنی لەگەڵ فەرەیدونی مەلەکدا بۆ جەنگەڵێکی دور لە هەراوزەنای شار و بینینی کوشتن و خوێنڕێژییە جۆربەجۆرەکان و ئاین و کلتور و کاریگەرییە جۆربەجۆرەکانیان و جەنجاڵی و پیسی و هەراوزەنای شار، وندەبێت و وندەبێت.

کاتێک خزم و دۆستانی ماڵی پەروانە دەزانن پەروانە لەگەڵ کوڕێکدا ڕۆیشتوە، لەژێر کاریگەری و پاڵەپەستۆی ئاینی و کولتوریدا گەلەکۆمەکی لە ڕۆیشتنی پەروانە دەکەن و بە سەرپەرشتی (پور)ی پەروانە و تەواوی خزمانی، لە دیدێکی ئاینییەوە لە ڕوداوەکە دەڕوانن و هەرچی دەفبەدەستی ئاینی و ژنانی جلڕەشی زیکرخوێن و پیاوە بەدینە خەنجەربەدەستەکان پەیتا پەیتا کۆدەبونەوە بە سەرپەرشتی و ڕێبەری (پور) تا ڕێ بەم ڕۆیشتنەی پەروانە و مەلەک بگرن و بەرەو دەروازەکانی شار بەدەم زیکر و هاوارەوە بەرەو دەروازەکانی شار دەڕۆیشتن تا دەروازەکان بگرن **((پور لە گەرمەی دەفژەنینەکاندا هاواری دەکرد: "خوداتان لەگەڵدایە... فریشتەکانتان لەگەڵدایە... ئەسحابە و پیاوچاکانتان لەگەڵدایە". خەڵکی دەرگاکانیان دەکردەوە و سەیری ئێمیان دەکرد، سەیری ئەو خێزانەیان دەکرد کە لە پشتی ئەم کەژاوەی تۆڵەیەوە بۆ کڕینەوەی شەرەفی خۆی دەگەڕا، سەیری ئەو ژنە دەفبەدەستەیان دەکرد کە "لا الە الا اللە"یان دەخوێند و زیکریان دەکرد، سەیری ئەو منداڵانەی شاریان دەکرد کە هاتبون کون و قوژبن و ڕێگاکان بگرن و نەهێڵن ئەو دو عاشقە دەربازبن))** (عەلی، 2013: 43). لەژێر هەیمەنە و دیدێکی دینییەوە ڕێگەگرتن لە ڕۆیشتنی پەروانە لەگەڵ کوڕێک لە دیدێکی دینییەوە لە پەیوەندییەکی حەرامدان و لێگەڕانیان بۆ ماڵەوەیان و خانەوادە و خزم و خەڵکی گەڕەک و تەواوی شار جۆرێکە لە گوناح. بۆیە هەموی بە یەک تێڕوانین و بۆچونەوە دەیانەوێت ڕێگری لەم پەیوەندییەی پەروانە و فەرەیدون بگرن. خەندان بەم تەرزە لە گێڕانەوەی ئەو ڕۆژە درێژەی هەیە: **((من ئەوکات لە هیچ تێنەدەگەیشتم، دەمپرسی: "چییە؟" بەڵام کەس وەڵامی نەدەدامەوە. دەبایە پێش ئەو ڕەوە سەیرە بکەوم، براکانم بە خۆیان و خەنجەرە ڕوتەکانیانەوە لە چواردەورم وەستابون، ئەوانیش هیچیان نەدەگوت، من سەیری ئاسمانم دەکرد، سەیری بەرپێی خۆمم دەکرد و دەمگوت: "بۆ کوێ؟". باوک پەلی کێشدەکردم و دەیگوت:**

**"بڕۆ". من ئاوڕم دەدایەوە و لەناو ڕیزی ئەو لەشکرە سەیرەدا سیمای خزمان و کوڕە داخ لەدڵەکانیانم دەبینی کە لە مێژبو هەمو بە ئاواتەوە بون پەروانە بە مردویی ببینن، ئەو عاشقە دێرینانەم دەبینی کە هاتبون و حەزیاندەکرد دواهەمین ساتەکانی چارەنوسی ئەو کچە ببینن کە ڕۆژێ لە ڕۆژان خۆشیان ویستبو. لە ساتێکدا وام هەستکرد هەمو ئەو شارە لە پشتمانەوە دەڕوات، هەمو ئەو شارە لە دەنگی هاواری ئەو ژنانەن و لە دەنگی دەفەکانیان وریابۆتەوە و هاتۆتەدەرێ. گوێم لێبو لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە جاڕدەدەن، لەسەر باڵەخانە بەرزەکانەوە هاواردەکەن. ئێمەش بە حەماسەوە بە شەقامەکانی شاردا دەهاتینەخوار، بە کۆڵانە تەسک و باریکەکاندا دەڕۆیشتین، ئەو شارە سەراپا تۆزێکی سەیر و کۆنی لێ هەڵدەستا. هەستمدەکرد ئەو پەنجەرانە کە دەیەها ساڵە نەکراونەتەوە ئێستا دەکرێنەوە، ئەو پەردانەی دەیەها ساڵە لانەبراون ئێستا لادەبرێن، لە پشت هەمو پەنجەرە و دەلاقەیەکیشەوە سیمای پیر و ماندو و توڕە سەریان دەردەهێنا و دەیانگوت: "بیاندۆزنەوە"))** (عەلی، 2013: 43-44). دەرکەوتنی خەنجەر بە دەستی باوک و براکانی پەروانەوە هێندەی پیشاندانی کلتوری پیاوسالاری و زەبروزەنگی پیاوسالارییە هێندە مەبەست لە خەنجەر نییە. مادامەکی باوک و براکان چواردەوری خەندان دەدەن ئەوە ئەو تخوبەی کەلتوری تێکەڵنەبونی کچ وەک تاکێک لەگەڵ خەڵکی دیکەی نێو خێزانەکەیە. ئەمەش زیادتر کلتوری داخراوی و ڕێ لە ئازادی و پڕاکتیککردنی ئازادییەکانی ژن لە نێو کۆمەڵگەیە و بە خودی ژنیشەوە. لەگەڵکەوتنی تەواوی شار بۆ کردەی ڕێگریکردن و بەسەرردادانی پەروانە و فەرەیدون، هاوتێڕوانینی تەواوی شار لەمەڕ دیدی کۆمەڵگە بەرانبەر ژن دیاریدەکات. لە بڵندگۆی مزگەوتەکانەوە جاڕی دۆخەکە دەدرێت و دینیش پاڵپشتی و سەپۆرتی ئەم تەرزە لە بیرکردنەوەیە. تەنانەت ئەو ماڵە کلۆمکراوانەی بە دیوی دەرەوەی شار و ئازادییەکانیش لەم ڕۆژەدا پەنجەرەکانیان دەکرێنەوە و پەردەکانیان لادەبرێن و هەمدیس پاڵپشتی ئەم کەژاوە دینی و کلتورییەی دروستبوە، دەکەن. هەمو ئەمانەش کەشفی دیدی کۆمەڵگەن لەمەڕ ئەم حاڵەتانە. لەبەرئەوەی ڕۆیشتنی پەروانە بە ئابڕوچون و لادان لە دین و کلتوری دێتە هەژمار و کۆمەڵگە بە پاڵپشتی کلتور و دین دەیەوێت بە تەواوەتی دژی ئەم جۆرە دیاردانە بوەستێتەوە. بۆیە وا دەردەکەوێت ئەوەی ڕویداوە کارەسات و لە دیندەرچونێکی گەورەیە و ئەمەش لە زاری کارەکتەرە ئایدۆلۆجییە دینییەکانەوە بە ئاشکرا دیارە و نوێژی پاکبونەوەش بۆ ئەوەی ڕویداوە دەکرێت پوری پەروانە، لە مزگەوت هاواری دەکرد: **(("نوێژی پاکبونەوە بخوێنن، دۆعایەک بخوێنن، خودا یارمەتیمانبدات گرێکوێرەی شەیتانەکان بکەینەوە". ئەو وای دەگوت و دەریایەک لە مەخلوقات پێکڕا دانەوین و نوێژیاندەکرد))** (عەلی، 2013: 47).

هەمو کەسە دینی و کلتورییەکان لەسەر ئەوە هاوڕابون تا پەروانە و فەریدون بەم دەرچە نادیینییە بەیەک نەگەن و هەمو توانای خۆیان بخەنە خزمەتی ئەوەی ڕێگرییان لێبکرێت و نەتوانن لە شار دەربچن و ڕابکەن. بەڵام دوای ماوەیەک هەواڵی پەروانە و فەرەیدون گەیشت، کە لە کوێن. ئەویش لەسەر زمانی (شیرین)ی هاوڕێی خەندانی

خوشکی پەروانەوەیە. کاتێک شودەکات و دەیەوێت ئەم هەواڵە بە خەندان بگەیەنێت و لەگەڵیشیدا هەواڵی پەروانە بە خەندانی خوشکی بگەیەنێت. کاتێک هەواڵی شوکردنەکەی بە خەندان دەگەیەنێت و باوەشی پێدادەکات و پێیدەڵێت هەوڵی پەروانەی پێیە و ڕوی قسەی لە خەندان دەکات: ((**خەندان، لە جەنگەڵێکی سەیردان، جەنگەڵێکی دوردەست و عاسی، بەڵام کەس بە تەواوی نازانێت ئەو جەنگەڵە دەکەوێتە کوێوە... کەسیش نازانێت ئەوان لەوێن**)) (عەلی، 2013: 76). ڕاکردنی دو خۆشەویست بۆ جەنگەڵ و جێگەنەبونەوەیان لە شار، هەڵگری پەیامێکە لەلایەک نائومێدییەک دەبیندرێت و لەلایەکی دیکەوە ڕون تێڕوانینی کۆمەڵگەکەی پەروانە و فەرەیدون دەسەلمێنێت. کۆمەڵگە و کلتورێک نەتوانێت دو خۆشەویست، کە تێڕوانینیان بۆ دونیا ئالۆز و پڕکێشمەکێشەکە تێڕوانینێکی تایبەتە، دەرخەری داخراوی و دۆگمایی تێدا دەخوێندرێتەوە.

دوای ڕۆیشتنی پەروانە و فەرەیدون و چەند عاشقێکی دیکەی وەک (فەرەیدونی مەلەک و پەرواە، گۆڤەند و دلارام... هتد) ڕویان لە جەنگەڵی عاشقان کرد و ئەو دونیا ئالۆز و قەرەباڵغەیان جێهێشت، ئیدی ئەم کۆچکردنە بەرەبەرە پەرەی دەسەند و کۆچی عاشقان هەر ڕو لە زیادی بو و بەڕادەیەک کۆچی پیاوە تەنهاکانیش بۆ جەنگەڵی عاشقان دەستیپێکرد و خەڵکی هێدی هێدی شاریان بە ڕوی جەنگەڵی عاشقانەوە بەجێدەهێشت. خەڵکانێک هەڵکەوتن چیدیکە ناتوانن لە شاردا بژین، کە دەیان ئاریشە و پرس و بابەت ئازادی و خۆشگوزەرانی لێ تاڵکردون و ناچارن ڕو لە هەرێمی عاشقان بکەن، کە هەرێمێکە مرۆ دەتوانێت ئازادییەکانی تێدا مومارەسە بکات. بەڵام ئەم کۆچە تا سەر نەبو و پیاوانی دینی لەمەڕ ئەم کۆچە هاتنەدەنگ و وەرزێکی خوێناوی دەستیپێکرد. ئەو ڕۆژانە پەروانە لەو کارەکتەرانە بو زۆر ناتەبا بو بەو دۆخەی هاتبوەئاراوە و ڕقی لەم قەسابخانەیە و ئەتککردنی ئەو عاشقانەیە، کە دەیانەوێت ڕابکەن و لەو ڕۆژگارە دژوارەدابو کاتێک پەروانە هەرێمی عاشقانی جێهێشتبو و شار بە جەستەی تەنگبو و هەمیشە ئەو بێزارییەی دەردەبڕی ((**دونیا بۆ وەها خوێناوی و ژیان بۆ وەها ناخۆشە؟**)) (عەلی، 2013: 126). ی دەگوت و دەگوتەوە. ژیان لەم وەرزەدا هێندە بێزارکەربو و لە بۆچونی هەر تاکێک بەدور بو. لەو وەرزەدا گروپی (ژنە دەفبەدەستەکان) پەیدابون تا ڕوبەڕوی هەر عاشقێک ببنەوە و لەو سەروەختەدابو پەروانە بە سانایی کەوتە بەردەستی ئەم گروپە، کە پوری یەکێکبو لە ڕابەرانی ئەم گروپە و ئیدی لەوێوە گلۆڵەی ئازار و مەینەتییە دژوارەکانی پەروانە دەکەوێتە لێژییەوە ((**لەو وەرزەدا بو کە یەکەمجار ژنە دەفبەدەستەکان لە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا دەرکەوتن، پیاوانی سەیر سەیر بە خۆیان و شوشە تێزابەکانیانەوە لە دەوروبەرەی قوتابخانەکان دەبینران. هەر لەو وەرزەشدا پورم وەکو دەسەڵاتدارێکی گەورە لەشکری خاتونە ئیماندار و خوداناسەکاندا دەرکەوت، لەو وەرزەدا زۆر کچ وازیان لە خوێندن هێنا و چیدی نەگەڕانەوە بۆ قوتابخانە، کە بە قوتابخانەی کوفر و نەزانییان ناودەبرد، لەچکیان دەبەست و دەیانگوت: "دەبێت لە دژی بێئابڕویی و پیسی و ڕوزەردییەکانی ئینسان جیهادبکەین". بەیانییەک ئەو ژنانە بە خۆیان و لەچکە سپییەکانیانەوە هاتنە قوتابخانە و کچێکیان لە پۆل دەرهێنا و بە قژ بە**

**شەقامەکاندا ڕایانکێشا))** (عەلی، 2013: 127). لێرەوە دۆخی پەروانە بەدەست ئەم گروپەوە هەپرون دەبێت و هەمو توانایەکی ئەم گروپە دواجار لەسەر فەوتاندنی پەروانەدا دەگیرسێتەوە. ڕێک لەو سەروەختەدابو خەڵکی بەجارێک لە وڵات و شارەکەی خۆیان بێزاربون و دەیانویست وڵات بەجێبهێڵن و بە هەر ڕێگە و هۆکارێک بێت خۆیانبگەیەننە ئەو وڵاتانەی ئارامییەک بە جەستە و دەرونیان بدەن، وڵاتێک لێنەگەڕێت خوێنی تاکەکانی تێدا هەڕاج بکرێت، وڵاتێک ئایدۆلۆژیایەی بە زەبروزەنگ ژیان لە هەموان بە یەک دوری شلویَ بکات، هەناسەکانیان تەنگ بکات. ڕاکردن لە زێد، ڕاکردن لە نیشتمان لە شار، ئەو پەتایە بو خەیاڵی هەموانی سیخناخکردبو. بۆیە خەندانی بچکۆلە بەم تەرزە ئەو ڕۆژگارە باسدەکات: ((**ئەو ماوەیە من لە ماڵەوە ژیام، ژیان لە شاردا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ شێوەیەکی ترسناکتری وەردەگرت، شەپۆلی ئەو پیاو و ژنانەی وڵاتیان جێدەهێشت، تادەهات گەورەتردەبو، خەڵکانێکی زۆر ماڵەکانیان لەسەر شۆستەکان هەڕاجدەکرد، خەڵکانێک یادگاری پشتە دورەکانیان دەبردە مەزاتخانەکان و دەیانفرۆشت، بە هەزارەها لەبەردەم زەڕەنگرەکاندا سەرەیاندەگرت و زێڕ و سامانی خۆیان بەتاڵاندەدا، بێوەژنەکان گەردانەکانی ملیان، کچانیش کچێتی خۆیان دەدایە قاچاغچییەکان تا لە سنور بیانپەڕێننەوە. شار بوە هەڕاجخانەیەکی گەورە. من لە باڵکۆنەکەدا دادەنیشتم و سەیری ئەو هەزاران چرپا و سیسەمە گەورە و گرانبەهایانەی خەوتنم دەکرد کە ژنان و پیاوان شەوانی خەوتنی خۆیان لەسەر مەزاددەکرد. سەیری ئەو پیاوانەم دەکرد کە پانکەی بنمیچەکانی خۆیان، شوشە پەنجەرەکانیان، سەعاتەکانی دەستیان، جلی ژێرەوەی کچەکانیان هەڕاجدەکرد. ئەو کچانەی ئاوێنە و سوراو و جوانی خۆیان دەخستە مەزادەوە. منداڵم دەبینی دەستکێشەکانی ڕێگای قوتابخانە، کڵاوە فەروەکانی خۆیان دەفرۆشت، هەموش دەیانویست خۆیان بگەیەننە قافڵەی ئەو پیاوانەی بە پێ لە دەشت و چیا و دەریاکان دەدەن))** (عەلی، 2013: 149). دروستبونی ئەم بارە نالەبارە لە وڵات و ئەو شارەی پەروانە تێیدا دەژیت، گروپە ئیماندارەکان و جەنگی ناوخۆی وڵات و جەنگی وڵات لەگەڵ وڵاتێکی دراوسێ هێنابویە ئاراوە. شارێک بە وێنەی شوێنێکی بێزارکەر و هیواکز و ئاسۆلێڵ. لەم بارودۆخەدا خەڵکی بەدوای ژیانێکی خۆشتر و سەرزەمینێکی ئارامتر و جیهانێکی ئایندەڕونەوە بون، کەچی پەروانە هەر لەگەڵ فەرەیدوندا لە پەناگەی عاشقان ئەو ژیانە پڕ نهێنی و خەیاڵئاسایە و بێدەرەتانییەی بەسەردەبرد، کە جگە لە عاشقە هەڵاتوەکان هیچ کەسی دیکە ئەمانی ژیانی لەم جوگرافیا سەیرەدا نەدەکرد. ئەوەی پەروانە بە پەسندی زانیبو بریتیبو لە ڕۆیشتن لەگەڵ فەرەیدون بۆ هەرێمی عاشقان.

دواجار ئەوەی پەروانە وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە هەوڵی بۆ دەدات، ئاکامی هەروەکو ئاکامی هەر کارەکتەرێکی خاوەن کێشەیە، کە بریتییە لە کوژران و لەناوچونی پەروانە خۆی وەک کارەکتەرێکی خاوەن پرۆبلماتیک. کاتێک گروپی تۆبەکاران و ئاینییەکان شوێنی عاشقە هەڵاتوەکان دەزانن و بەسەریاندادەدەن و گوندا و گوند تا دەیانگەیەننە شار و شارەوشار و کۆڵانەوکۆڵان دەیانگێڕن و وەک ئەتکێک یان کەسێکی تاوانکار دەیانگێڕن و دواجار بڕیاردەدەن بە تۆقێنەرترین شێوە بیانکوژن. سەرەتا لە ڕێگەی مامۆستایەکی ئاینییەوە بەر لە کوشتنی

پەروانە و عاشقە هەڵاتوەکانی دیکەدا بەتایبەتی لەگەڵ (میدیا)دا چەند ئایەتێکیان بەسەردا دەخوێنن **((کە مامۆستا سورەتەکەی تەواوکرد گەڕایەوە جێگای خۆی و ئەوسا براکانم لەگەڵ سەرجەمی گروپی تیربارانەکەدا چەکەکانیان بەرزکردەوە. لەو ساتەدا کە پەروانە ڕوبەڕو تەماشای مردنی دەکرد، کە ئێوارەی مردنی ئەو لە ئاسۆکانەوە هەڵدەهات، کە هەموان چاوەڕوانی دەنگی ترسناکی تفەنگەکان بوین، بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر دونیادا گرت. من هەستمدەکرد هەمو گەردون چۆتە دۆخی خاوبونەوەیەکی شاعیرانەوە، هەمو گەردون وەستاوە و بە چاوێکی خەواڵوەوە دەڕوانێت، درەخت و چیا و بەفر لە کونجی بێدەنگی خۆیانەوە سەیریان دەکەن، کە دەنگی تفەنگەکان بەرزبوەوە دونیا لە چاوتروکانێکدا پڕبو لە گەرد، من دڵنیابوم کە پەروانە دەبێتە گەرد، دەبێتە ئەو تۆزە ئاوریشمییە بریقەدار و نەرمە، تفەنگەکان بێدەنگ دەبون پەروانە هەر بەپێوەبو، میدیا دەکەوێت و پەروانە بە پێوە دەمایەوە، پێنەدەچو بکەوێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەیر پەخشدەبوەوە... ئەو گەردەی پەروانە، لەسەر سیما و لەش و درەختەکان دەنیشت، لەو ساتەوەی کە پەروانە وەکو نەسیمێک بەسەر هەمو وجوددا هەڵیدەکرد، پەپولەکان زیاتر دەبون، هەندێکیان لە هەوادا دەردەکەوتن و سورێکیان دەخوارد و دەمردن، بەڵام هەندێکیان زیاتر و زیاتر دەمانەوە و وەک شاهیدێکی سیحراوی نهێنی ئەو ئێوارەیەیان لە قوڵایی ژیانە تەلیسماوی و ئاڵۆزەکەی خۆیاندا هەڵدەگرت. پەروانە دەکەوت... من دەمبینی پەروانە بە هێمنی بەچۆکدا دێت، بە هێمنی دەنوشتێتەوە، بە هێمنی سەردەخاتە سەر زەوییەکە و بەلادا دێت، لەگەڵ کەوتنی پەروانەدا پەپولەکان بە شەپۆلێکی گەورە بەرەو قوڵایی ئاسمان بەرزدەبونەوە، لەگەڵ ترسی پەپولەکاندا، چەندین پیرێژن لە پەروانە و میدیا نزیکدەبونەوە و دەیانخستنە سەر بەتانییەکی سەوز، ئەو دو کفتە سپییەیان تێوەدەپێچان کە پێشتر لە بوخچەیەکی ڕەشدا هەڵیانگرتبون))** (عەلی، 2014: 354-355).

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێت، پەروانە وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە، زەمینەی شێوەدەرکەوتنی بەدەستی خۆیەتی و ڕۆماننوس بە وردی دەیەوێت ئەو پەیامە بە وەرگر بدات، کە پەروانە خۆی ئەو شێوە ژیان و پەیوەندییەی هەڵدەبژێرێت، نەک بۆی ئامادەکرابێت. لەو سەروەختەدا کە پەروانە و فەرەیدون لە جەنگەڵی عاشقاندا کەپرێکیان چێکردبو و ژیانێکی ئەفسوناوییان تێدا دەگوزەراند، خەڵکی مژوڵی ڕاکردن لە وڵات بون، وڵات بە شێوەیەکی سەیر ئاڵۆزکاوببو، دەوڵەت لە جەنگێکی بەئاشوبدابو لەگەڵ وڵاتی دراوسێ و جەنگ هەزاران گوندی لەسەر سنورەکاندا وێرانکردبو، و هەڵاتوەکان لە ناوچە بەرزەکاندا خۆیان قایمکردبو، بەگ و شێخ و پێشمەرگەکان لە دەوڵەت یاخی ببون و بنە و بنکەیان لە شاخە عاسێکاندا دادەمەزراند. پەروانەش دەستبەرداری هەمو ئەو ئاڵۆزییانە دەبێت و لەگەڵ فەرەیدوندا خۆی لەو بێنەوبەردە و هەراوزەنایە تەریک دەکات و نایەوێت چاوی بەم ئاشوبە کز و دڵی بەو ڕوداوانە تەنگ و خەیاڵی بەم وێرانییە کەچ بکات، بۆیە ژیان لە دوری ئەم هەراوزەنایە هەڵدەبژێرێت و پشت لەو ململانێ و بارودۆخە ئاڵۆزەی تیایدابوە، دەکات. ئەمەی پەروانە گرتویەتەبەر ئەگەر ئەنجامی هەر شێوە و چۆنێک

بێت، ڕاکردنێکی تەنێ کەسانێک کە دەگەنە ئەوپەڕی نائومێدی لە ژیان، لە ئایندە، لە مانەوە، دەیگرنەبەر. ئەوەی پەروانە بۆی تێدەکۆشێت، بریتییە لە دەستهەڵگرتن لەوەی دونیای سەرمایەداری و کاپیتالیزم ئافراندویەتی. ئەوەی پەروانە گرتویەتەبەر تا ئەوپەڕی سیفەت و شەقڵی کارەکتەرێکی خاوەن کێشەیە، کە گۆڵدمان وەک بنەمایەک لە ڕۆماندا باسیکردوە.

کارەکتەری پڕۆبلماتیک، ئەو کارەکتەرەیە، کە چیدیکە نایەوێت درێژە بەو ڕۆتینە بدات کە دونیای سەرمایەداری و کاپیتالیزم خوڵقێنەریەتی. نایەوێت وەک کۆی کۆمەڵگە لەگەڵ لێشاوی ئەم شێوە لە ژیان و هەڵسوکەوت بکەوێت، هێندەی دەیەوێت بەدوای نرخ و بەها بەرزەکانەوەبێت. ئەو نرخ و بەهایانەی لە کۆمەڵگەی تازەدا مەیسەرنابن و ڕزیون. پەروانە دەیەوێت لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو بەها بالآیانەی ژیان تا بۆی بکرێت سەرکێشی بە چارەنوسی بکات، کە دواجار وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە ناتوانێت تاسەر دەست بەو بەهابالآیەنەوە بگرێت، کە بۆی تێدەکۆشا، بەڵکو لە وێستگەیەک وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە گلۆڵەی ئەو چارەنوسە دژوارەی، کە بۆ ئەو بەهابالآیانەی بۆی تێدەکۆشا دەکەوێتە لێژییەوە.

## ئەنجامەکان

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا بەم ئەنجامانە گەیشتین:

1- ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی، پێکهاتەکەی وا دامەزراوە، کە ناوەڕۆکەکەی لەسەر ئەو ئاڵەنگارییانەی نێوان کارەکتەرەکانەوە بونیادنراوە، کە کارەکتەرەکانی لە ململانێیەکی چڕدابن و بەربەرەکاریی لە نێویاندا بگاتە ئەوپەڕی بالآیی. ناونیشانی ڕۆمانەکەش هەر گوزارشت لەو ئێوارەیە دەکاتەوە، کە پەروانە دوای ململانێکانی بەو وێستەگەیە دەگات، کە هەر کارەکتەرێکی خاوەن کێشەی دوچاری دێت. ئەویش ئەو ئێوارەیەیە، کە تێدا دەکوژرێت.

2- (پەروانە)، کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە و وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە دەردەکەوێت و بریتییە لە کارەکتەری خاوەن کێشە و ناتوانێت لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە ئاڵۆزە و واقیعە دژوارە کۆمەڵآیەتییە هەڵبکات و دەستبەرداری تەواوی ئەو چارەنوسە باشەی دەبێت کە بۆی دەێنە پێشەوە و ڕودەکاتە جەنگەڵی عاشقان، کە پێیوایە بە ڕاکردنی لەدەستی ئەو جەنجاڵییەی شار و واقیعە کۆمەڵآیەتییە و ڕۆیشتنی بۆ هەرێمی عاشقان و بریتییە لە ڕەتکردنەوەی دونیای سەرمایەداریی و بەجیهانیبون و گەڕان بەدوای بەها بالآکانی ژیان.

3- پەروانە هەر لە سەرەتای لەگەڵ فەرەیدون ڕۆیشتنی بۆ جەنگەڵی عاشقان، ئەو ململانێ و ئاڵەنگارییانەی دوچاردێت، کە ڕۆماننوس مەبەستییەتی ئەم کارەکتەرە بێتە بەردەمی و پەروانە بەو بەها بالآیانەی خۆی باوەڕی پێی هەیە، نەگات. ئەو ڕەتکردنەوەی دونیای ئاڵۆز و سەرمایەداری و گەڕان بەدوای بەها بالآکانی ژیان لای پەروانە

و بە مەرام نەگەیشتنی دژوەستانەوەی کۆمەڵگە لەژێر ئایدۆلۆژیی دینی و کۆمەلایەتییەوە، خزاندنی پەروانەیە وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە بەرەو فەوتان و کوژرانی.

4- لە ڕۆمانەکەدا، پەروانە دوای ئەوپەڕی تەقەلا بۆ گەیشتن بە بەها باڵاکانی ژیان، کە خۆی باوەڕی پێی هەیە و دواجار کوژرانی پەروانە لە دەستی کۆمەڵگە، بریتییە لە چارەنوسی پەروانە وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە، کە گۆڵدمان بە وردییەوە دەیخاتەڕو.

5- جگە لە پەروانە، لە ڕۆمانەکەدا، هەمو ئەو کارەکتەرانەی شار جێدەهێڵن و کۆچ بۆ جەنگەڵی عاشقان دەکەن، بە کارەکتەری خاوەن کێشە دادەنرێن، چونکە وەک پەروانە هەمویان دواڕۆژیان، دوای هەوڵ و تەقەلا و ڕوکردنە بۆ بەها باڵاکانی ژیانیان و لە کۆتاییشدا بەدەستی گروپی تۆبەکارانەوە دەکوژرێن. بەڵام ڕۆماننوس زۆرتر ویستویەتی وردەکاریی ژیانی پەروانە نەک کارەکتەرەکانی دیکە دەربخات. بە جۆرێک کارەکتەرەکانی دیکەی هەرێمی عاشقانی زۆرتر خستوەتە خزمەتی پەروانە وەک کارەکتەرێکی خاوەن کێشە.

# The problematic character in Bakhtiar Ali's novel (Ewaray Parwana)

**Barzan Ali Pirot[1] - Hazhar Ahmad Abdulghafur[2]**

[1]Department of Kurdish Language, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[2]Department of Kurdish Language, Faculty of Arts, University of Soran, Soran, Kurdistan Region, Iraq

**Abstract:**

One of Lucien Goldmann's inventions is the problematic character who disagrees with the globalized and capitalist world, seeks high values, and strives to achieve them, but is lost or murdered. In this investigation, entitled “The problematic character in Bakhtiar Ali's novel Ewaray Parwana”, we want to present the reflection of such a character in “Ewaray Parwana” and open another entryway to the relationship between literature and society based on Goldmann’s problematic character. For this, we have first presented the issue of the relationship between literature and society, and then explained the principle of “problematic character” in the view of Goldmann and thus organizing the theoretical outline of our research. Later, an attempt has been made to identify the details of the character's appearance in the novel.

Our research hypothesis is that the problematic character very clearly exists in "Ewaray Parwana", which reflects the new situation in Kurdish society. To reach the truth of this hypothesis, we have tried to apply the principle of the problematic character to the novel with an analytical descriptive method. In the last part, we have reached some conclusions; can be pointed out that there is a problematic character in the novel and the reason for this is the strangeness and discomfort of the characters with the complexities of life and common social relationships.

**Keywords:** The Problematic Character, Novel, Sociology Of Novel, Ewaray Parwana, Goldmann.

## پەراوێزەکان

1. سەبارەت بە سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکانی هونەر و ئەدەب، زۆر کتێب نوسراون، بەڵام کتێبە دو بەرگییەکەی (ئارنۆڵدە هاوزەر) بە ناونیشانی (Social History of Art) کە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥١ دەرچوە، یەکێکە لە کتێبە هەرە بەرچاوڕونکەرەوەکان لەمبارەیەوە.

2. بۆ نمونە لۆکاچ وای دەبینێت ژانری ڕۆمان گواستنەوەیە لە نێوان بونیادی وشیاری لای گروپێکی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو بۆ بونیادی خەیاڵئامێز، بەڵام گۆڵدمان بە پێچەوانەی لۆکاچ پێیوایە: ڕۆمان ژانری گەڕانە بەدوای ئەو بەهایانەی کە پێویستی بە گروپێکی کۆمەڵایەتی هەیە بە شێوەیەکی چالاک بەرگریشی لێبکات، بەهایەک ژیانی ئابوری لە وشیاری هەر تاکێک لە تاکەکانی کۆمەڵگە دەچێنێت (سعید و عبدالجواد، 2009: 35).

3. بۆ نمونە گۆڵدمان لە ژێر کاریگەری مادییەتی مارکسەوە هەوڵیداوە ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەقی ئەدەبی شرۆڤە بکات. ئەمەشە وایکردوە گۆڵدمان خۆی بە مارکسیست بزانێت و لەگەڵیشیدا (ژان پیاژە)ش لەم بارەیەوە کاریگەری لەسەر گۆڵدمان داناوە. گۆڵدمان لە لێکۆڵینەوەی (پێکهاتەی دژواز و ناکۆکی ئەندێشەی تراژیکدا، بەرهەمەکانی (پاسکاڵ و ڕاسین) بەراورد دەکات و لە نێو ڕەوتی ژانسێنیستدا چەندین گروپی کۆمەڵایەتی و ڕەوتی فیکری دیاری دەکات، کە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و فیکری زەمینەی پێکهاتنی ئەم بەرهەمانە و هۆکاری ململانێی نێوان دەسەڵات و ڕەوتی ژانسێنیزم، کە حاشا لە هەر جۆرە پابەندیی سیاسی دەکات، پیشان دەدات (ئەدۆرنۆ و ئەوانیتر، 2009: 81). ئەو چینەی کە هەریەکە لە پاسکاڵ و ڕاسین هەیمەنە و پێگەی دەردەخەن و داکۆکی لێدەکەن و دەیانەوێت بەشێکبن لە گەیاندن و ئیبرازکردنی بریتین لە چینی بۆرژوازی و ئەرستۆکراسیی خاوەن گروپی پەرلەمانییە.

## سەرچاوەکان

ئەدۆرنۆ و ئەوانیتر (2009)، کۆمەڵناسی ئەدەب (بۆتیقا، تیۆری ئەدەبی، جوانیناسی)، و. هادی محەمەدی، چا. بینایی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

عەبدولغەفور، هەژار ئەحمەد (2013)، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لە سەر نوسینەوەی مێژوی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

عەلی، بەختیار (2014)، ئێوارەی پەروانە، ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەریی ئندێشە، چا. ڕجایی- تاران، چ6، تاران.

عەولا، عەبدوڵلا ڕەحمان (2019)، كۆمەڵگە لە ڕۆمانی كوردیدا لێكۆڵینەوەیەک لە كۆمەڵناسیی ئەدەبیی باشوری كوردستان 1961–1991، نامەی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەدین.

ماركس و ئەوانی دی (2006)، فەلسەفە، میتۆد، كۆمەڵناسی ئەدەب، و. هادی محەمەدی، چا. شڤان.

میسری، فوئاد مەجید (2021)، من نەیاری ڕوانگە بوم، چا. تاران، چ1.

مەنتک، د. حەمە (2021)، ئاركیۆلۆژیای پۆلێنی ڕۆمانی كوردی، چا. سەردەم، چ1، سلێمانی.

نیچە و ئەوانی دی (2008)، چەند وێستگەیەكی فیكری و ئەدەبی، و. ئازاد بەرزنجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ3، سلێمانی.

یاسین، عوسمان (1999)، بونیادگەریی پێكهاتویی، چا. زانكۆی سەلاحەدیین/ هەولێر، چ1، هەولێر.

بوتور، میشال (1982)، بحوث في الرواية الجديدة، ت. فريد انطونيوس، منشورات عويدات، ط2، بيروت.

تاديه، جان ايف (1993)، النقد الأدبي في القرن العشرين، ت. قاسم المقداد، منشورات وزارة الثقافة، دمشق.

حافظ، صبري (1983)، الرواية شكلا أدبيات ومؤسسة اجتماعية، مجلة: النقد الأدبية، المجلد الرابع، ع1، امتوبر- نوفمبر- ديسمبر.

فرح و عبدالجواد، ا. د. محمد سعيد و ا. د. مصطفي خلف (2009)، علم اجتماع الادب، دار المسيرة للنشر والتوزيع واالطباعة، عمان.

اسكندری، مریم (1394)، بررسی جامعه شناختی اثار منصوریاقوتی، (رمان دهقانان، چراغ بر فراز مادیان كوه وزیر افات) بر اساس نقد تكوینی، پایان نامه، دانشگاه الزهرا(س).

اصفهانی و شمعی، محمد رضا نصر و میلاد (1388)، نقد جامعه شناختی رمان (جای خالی سوچ)، مجله علمی پژوهشی (جامعەشناسی كاربردی، دانشگاه اصفهان، سال بیستم، شماره چهارم، زمستان.

برهمند، حانیه (1395)، نقد و بررسی رمان های بلقیس سلیمانی (بر اساس نظریات گلدمن و لوكاچ)، پایان نامه، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی.

عبداللهیان و عبدی، سمیه و هیوا (1399)، تحلیل ڕمان اخرین انار دنیا اثر بختیار علی: خوانشی ساخت گرایانه از منظر لوسین گلدمن، پژوهشنامه ادبیات كردی، بهار و تابستان، سال 6، شماره 1، پیاپی 9.

كهنموئی پور، ژاله (1389)، نقد جامعەشناختی و لویسن گولدمن از نقد جامعەشناختی تا زیبایی شناسی دریافت، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران.

مختاری، مسروره (1398)، تحلیل محتوایی رمان اتش به اختیار اثر محمد رضا بایرامی براساس جامعەشناسی رمان (جورد لوكاچ) و (لوسین گلدمن)، مجله ادبیات و پژوهش های میان رشتەای، علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، دوفصل نامه علمی، شماره اول، بهار و تابستان.